حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران

فاکەڵتی ئاداب

بەشی کوردی

# جۆرەکانی دیالۆگ

# لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)ی فەرهاد پیربالدا

ئەم توێژینەوەیە:

توێژینەوەیەکی زانستییە، پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی کوردی/ فاکەڵتی ئاداب/

زانکۆی سۆران، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

لەلایەن:

مالیک عبدالواحید عبدالله

عبدالسلام اسماعیل صادق

بە سەرپەرشتی:

د. هەڵمەت بایز

٢٠٢٤ی زاینی ٢٧٢٤ی کوردی ١٤٤٥ی کۆچی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی "جۆرەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)ی فەرهاد پیربالدا"، هەوڵێکە بۆ دەسنیشانکردنی جۆرەکانی دیالۆگ، بەپێی نمونەی نێو ڕۆمانەکە ئەرک و ڕۆڵی دیالۆگ لە ناساندنی کارەکتەر و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان و خستنەڕووی هزر و دەروونی کارەکتەرەکانمان دیاریکردووە. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا باسی چەمک و زاراوەی دیالۆگ و مێژووی دیالۆگ و زمانی دیالۆگ و جۆری دیالۆگ و پەیوەندی دیالۆگ بە گێڕانەوە و ڕۆمانەوە دەکەین، هەروەها لە بەشی دووەمدا پراکتیزەی جۆرەکانی دیالۆگ بەپێی خەسلەت و تایبەتمەندیەکانی دەخەینەڕوو.

**کلیلە وشە:** دیالۆگ، جۆرەکانی دیالۆگ، ڕۆمانی 'قەبرێکی سێگۆشە'.

**ناوەڕۆک**


**پوختە.......................................................................................................... أ**

**بەشی یەکەم............................................................................................. ١**

١,١ پێشەکی:......................................................................................... ١

٢,١ سنوری توێژینەوە:.......................................................................... ١

٣,١ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:......................................................... ١

٤,١ پرسیاری توێژینەوە:........................................................................ ٢

٥,١ ڕێبازی توێژینەوە:........................................................................... ٢

٦,١ ئامانجی توێژینەوە:.......................................................................... ٢

٧,١ گرنگی توێژینەوە:............................................................................ ٢

٨,١ کێشەی توێژینەوە:........................................................................... ٣

٩,١ پێکهاتەی توێژینەوە:........................................................................ ٣

**بەشی دووەم............................................................................................. ٤**

١,٢ چەمک و زاراوەی دیالۆگ:................................................................ ٤

٢,٢ مێژووی دیالۆگ:.............................................................................. ٧

٣,٢ پەیوەندی نێوان دیالۆگ و گێڕانەوە:.................................................. ٨

٤,٢ پەیوەندی و گرنگی دیالۆگ لە ڕۆمان:.............................................. ٩

٥,٢ زمانی دیالۆگ:................................................................................ ١٠

٦,٢ ئەرک و گرنگی دیالۆگ:.................................................................. ١٢

٧,٢ جۆرەکانی دیالۆگ:......................................................................... ١٤

١,٧,٢ دیالۆگی ڕاستەوخۆ:.................................................................... ١٥

١,١,٧,٢ دیالۆگی سادە:......................................................................... ١٦

٢,١,٧,٢ دیالۆگی وەسفی_شیکاری:........................................................ ١٦

٣,١,٧,٢ دیالۆگی ڕەمزی:....................................................................... ١٧

٢,٧,٢ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:.................................................................................................١٧
**بەشی سێیەم..................................................................................................................... ١٩**
جۆرەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)..........................................................................١٩
١,٣ دیالۆگی ڕاستەوخۆ:......................................................................................................١٩
١,١,٣ دیالۆگی ڕاستەوخۆی سادە:........................................................................................٢٣
٢,١,٣ دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی–شیکاری:............................................................................٢٥
٣,١,٣ دیالۆگی ڕەمزی:........................................................................................................٢٨
٢,٣ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:......................................................................................................٢٩
داتای گشتی جۆرەکانی دیالۆگ ..........................................................................................٤٣
**بەشی چوارەم................................................................................................................... ٤٤**
ئەنجام:............................................................................................................................٤٤
سەرچاوەکان:.....................................................................................................................٤٥

# بەشی یەکەم

## ١,١ پێشەکی:

دیالۆگ وەک دەرکەوتەیەکی نێوان مرۆڤەکان، هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە بایەخ و کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و هەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ لە یەکترگەیشتن و ڕێکەوتن و مامەڵەکردن، جگە لەمە ئامرازێکی گرنگە بۆ دەربڕینی بیروڕا جیاوازەکان و گەیشتن بە زانین و ڕاستی شتەکان، کەناڵێکی گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، بە مەبەستی هێنانەکایەی ئاشتی و ئارامی و پاراستن و بەرەوپێشبردنی شارستانیەت و مرۆڤایەتی. هەر ئەمەشە وایکردووە لەناو کایەی ئەدەبیدا ببێتە جێی بایەخی ئەدیبان، وەک تەکنیکێکی هونەری گێڕانەوە بەکاربهێنرێت لە چنینەوەی ڕووداوەکان و خستنەڕووی زانیاریەکان و ناساندنی هزر و دەروونی کارەکتەرەکان. لە لایەن فەرهاد پیربالەوە سوودێکی زۆر لە تەکنیکی دیالۆگ وەرگیراوە، پانتایەکی فراوانی لە ڕۆمانی قەبرێکی سێگۆشەدا داگیرکردووە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بایەخی دیالۆگ ڕوون بکەینەوە، هەروەها جۆرەکانی دیالۆگ بەپێی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی پێی دەناسرێنەوە دەستنیشان بکەین.

## ٢,١ سنوری توێژینەوە:

سنوری توێژینەوەکە لە خستنەڕوو و دەستنیشان کردنی دیالۆگ و جۆرەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانی "قەبرێکی سێگۆشە"ی فەرهاد پیربال تێپەڕ ناکات

## ٣,١ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە: بە گشتی هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و بایەخی دیالۆگ لەنێو ڕۆماندا، کە چەندین ئەرک و ڕۆڵی گرنگی هەیە و پانتاییەکی باشی ڕۆمان داگیر دەکات.

بۆیە ڕۆمانی 'قەبرێکی سێگۆشە'ی فەرهاد پیرباڵ-مان هەڵبژارد، چونکە دیالۆگ لەم ڕۆماندا پانتاییەکی زۆر فراوانی داگیرکردووە، لەهەمان کاتدا ئەرک و ڕۆڵی زۆر گرنگ دەبینێت.

**٤،١ پرسیاری توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە :

جۆرەکانی دیالۆگ چین؟ چۆن لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستەکراون؟ کام جۆری دیالۆگ بە ڕێژەیەکی زیاتر بەکارهاتووە و بۆچی؟ ئایا جۆرەکانی دیالۆگ بە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی بەرجەستەکراوە؟ چ کاریگەریەکی لەسەر ڕواڵەتناسی گێڕانەوە دروست کردووە؟

**٥،١ ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی- شیکاری- ئاماری) بەکارهێنراوە. لە لایەنە تیۆرییەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی) کراوە، لە لایەنە پراکتێکییەکەشدا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دیالۆگ و خستنەڕووی ئاماری جۆرەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانی 'قەبرێکی سێگۆشە'ی فەرهاد پیربال-دا، پەیڕەوی ڕێبازی (شیکاری- ئاماری) کراوە .

**١.٦ ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی جۆرەکانی دیالۆگە و دەرخستنیان لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)ی فەرهاد پیربالدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی ئەو ناڕوونی و لێڵیەی لە جۆرەکانی دیالۆگدا هەیە.

**١.٧ گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی جۆرەکانی دیالۆگ بەشێوەیەکی ڕوون و پوخت، هەروەها پراکتیزەکردنی بە نمونەی دیالۆگی نێو ڕۆمانەکە، ئەمەش بەو خەسلەت و تایبەتمەندیانەی جۆرەکانی دیالۆگ لەخۆ دەگرن.

### ١.٨ کێشەی توێژینەوە:

لێڵی و ناڕوونی لە دابەشکاری جۆرەکانی دیالۆگ لە سەرچاوە بەردەستەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەکە.

### ١.٩ پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە :

- **تیۆری**: لەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتی دیالۆگ لە ڕووی مێژوو و چەمک و زاراوەوە دەخەینەڕوو، دواتر جەخت دەکەینە سەر زمانی دیالۆگ و گرنگی دیالۆگ لەنێو ڕۆماندا، ئینجا بە وردی و پوختی جۆرەکانی دیالۆگ پۆلێن دەکەین .
- **پراکتیکی**: لەم بەشەدا جۆرەکانی دیالۆگمان لە ڕۆمانی 'قەبرێکی سێگۆشە'ی فەرهاد پیربالدا پراکتیزە کردووە. ئەو جۆرە دیالۆگانەی کە لە بەشی تیۆری باسمانکردوون، لەم بەشەدا دێین بە نموونەی ئەم ڕۆمانە دەیانجەینەڕوو.

## بەشی دووەم

### ١,٢ چەمک و زاراوەی دیالۆگ:

زاراوەی دیالۆگ وەکو زۆربەی زاراوەکانی تری بواری هونەر، ئەدەب، فەلسەفە و زانستەکان ...تاد، ڕەگ و ڕیشەی بۆ یۆنان (گریکی کۆن) دەگەڕێتەوە. دیالۆگ (dialogos) وشەیەکی لێکدراوی یۆنانییە، لە دوو بەش پێکدێت یەکەم (dia) کە بە واتای (دوو کەس یا دوو قووڵی) دێت، دووەم (logos) بە واتای ( گفتوگۆ یا دەمەتەقێ) دێت. (جەوهەر محەمەد مەولود شێخانی، ٢٠١٣: ١١٠). لە زمانی لاتینییدا پێیدەڵێن (dialogus)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا بە (dialogue) هاتووە. ئەگەر سەیر بکەین زاراوەکە لە هەرسێ زمانەکە پێکدەچن، ئەم بەیەکچوونەش بۆ ئەو کاریگەرییە کۆلۆنیالیزمە دەگەڕێتەوە کە یۆنان لەسەر ڕۆما هەیبووە، ڕۆمانیەکانیش لەسەر زمانی ئینگلیزی دروستی کردووە. هەرچی زمانی عەرەبییە پێیدەڵێن (الحوار)، و "لە زمانی فارسیدا (سخن- گفتوگو) و چەندین زاراوەی تری بۆ بەکارهاتووە، لە زمانی کوردیشدا لەپاڵ بەکارهێنانی دیالۆگ، بەپێی فەرهەنگی (کوردستانیکا) ئاماژە بە کۆمەڵێک زاراوەی وەک "گفتوگۆ و دەمەتەقێ و وتووێژ و ئاخافتن" دراوە (ڤەژین لێکس: کوردستانیکا).

سەبارەت بە چەمکەکەی، دیالۆگ پێناسە و ناساندنی جۆراوجۆر و جیاوازی بۆ کراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کردەیەکی مرۆڤانەیە و لە نێو هەموو کایە و بوارە جیاوازەکاندا بایەخی خۆی هەیە، بۆیە هەریەکەیان لە ڕوانگە و تێڕوانینی خۆیانەوە پێناسەیان بۆ کردووە، وەک جبور عبدلنور لە فەرهەنگی (المعجم الأدبی)دا دەڵێت: "دیالۆگ گفتوگۆیەکە بەلایەنی کەم لە نێوان دوو کەس دەسوڕێتەوە، چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت" (ژوان عبدالسلام عزیز، ٢٠٢٣ :٢٨٦). مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە کە قسەکردنی نێوان دوو کەس دیالۆگە، واتە مەرجە ئەم

قسەکردنە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر بێت و بابەتێک یا چەند بابەتێک لەخۆ بگرێت و گەنگەشەی لەسەر بکرێت. لە پێناسەیەکی دیکەدا کە بۆ دیالۆگ کراوە: "دیالۆگ گفتوگۆیەکە لەنێوان دوو کارەکتەر، یان زیاتردا کە لەسەر بابەتێک گفتوگۆ دەکەن"[١] (سەمیرە ئەحمەد ئیبراهیم، ٢٠٠٧: ١٠). کەواتە دیالۆگ ئەو کەناڵەیە کە پەیوەندی لەنێوان دوو کەس یا زیاتر دروست دەکات بۆ قسەکردن و تاوتوێکردنی بابەتێک یاخود چەند بابەتێک.

لە تێڕوانینێکی جیاوازتردا بۆ دیالۆگ، ئەوەیە کە "مرۆڤ تەنها لە گفتوگۆدا بوونی هەیە، چونکە ئەوی دیکە لەناو خۆیدا بەرجەستەیە و مەحاڵیشە بتوانین لە دەرەوەی پەیوەندیەکانەوە درک بە ئەوی دیکە بکەین"[٢] (ژوان عبدالسلام عزیز، ٢٠٢٣: ٢٨٦). ئەم دیدە بۆ دیالۆگ هەڵگری هزرێکی فەلسەفییە لەسەر وجودیەتی مرۆڤ، واتە هۆکارێکە بۆ قسەکردنی نێوان مرۆڤەکان و دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، دەرخستنی ماهیەتی مرۆڤە کە پەیوەستە بە بوونی ئەوانی ترەوە.

بێگومان لە کایەی ئەدەبییشدا دیالۆگ بە ڕەگەزێکی گرنگی گێڕانەوە دادەنرێت. گرنگی دیالۆگ لە ژانرەکانی ئەدەبدا بۆ ئەو ئەرکانە دەگەڕێتەوە کە لە ئەستۆی دەگرێت، دیالۆگ پەیوەندیەکی بەهێزی بە ڕەگەزەکانی ڕۆمانەوە هەیە وەک کات و ڕووداو و کارەکتەرەکان. "دیالۆگ ئەو گفتوگۆ گوتراوانە دەگرێتەوە کە لە نێوان کارەکتەرەکانی چیرۆکدا ئالوگۆڕ دەکرێت و بەرپرسیارەتی گواستنەوەی جولانەوەی ڕووداوەکان لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکەی ناو تێکستەکە لە ئەستۆ دەگرێت"[٣] (سەمیرە ئەحمەد ئیبراهیم، ٢٠٠٧: ١٠)، لێرەدا دیالۆگ ئەو تەکنیکە گرنگەیە کە وەرچەرخان لە چنینی ڕووداوەکاندا دروست دەکات، و کاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکان، هەروەها لە ڕێگەی دیالۆگەوە نووسەر دەتوانێت پەیام و ئامانجی خۆی بگەیەنێت، واتە پرۆسەیەکی گرنگە لە دەربڕینی ئەو ئایدۆلۆژیا و هزرانەی

---

[١]جمال میر سادق

[٢]میخایل باختین

[٣]فاتح عبالسلام

نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە بخاتەڕوو، وەک لەم پێناسەیەدا باسدەکرێت کە: " دیالۆگ سیفەتێکی عەقڵییە، ناسنامەی هزری و دەروونی تایبەتی کارەکتەرەکان دەدات، ئەو ناسنامەیە لەناو دەقی ئەدەبییدا کارەکتەرەک لەوانی تر جیا دەکاتەوە" (سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی،٢٠٠٩: ٢١٩). کەواتە دەتوانین بڵێین دیالۆگ جەوهەرێکی گرنگە لە دەربڕینی ئەو هزر و بیرانەی کە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا بوونیان هەیە، ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی نووسەر لەڕێگەی کارەکتەرەکانی زمان و ناسنامە و هزر و دەروونی کارەکتەری ڕۆمان بکێشێت و دەربخات .

دیالۆگ پانتاییەکی گونجاوە بۆ نووسەر کە تێیدا کارەکتەرەکانی بناسێنێت و لە ڕێگەی زمان و قسەکردن و دەربڕینەوە وەسفی هزر و دەروون و ژیاری کارەکتەرەکان بخاتەڕوو، واتە "نووسەر لە ڕێی دیالۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری و ئایینی کارەکتەرمان پێ بناسێنێت، ئەمە یارمەتی خوێنەر دەدات لە ناسینەوەی کارەکتەرەکان لەڕێگەی ئەو وەسف و ناساندنە هزری و دەروونییەی نووسەر بۆ کارەکتەرەکانی دروست دەکات." (سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، ٢٠٠٩: ٢٢٠).

بێگومان جێی ئاماژە پێدانە بڵێین: دیالۆگ کردەیەکی زمانییە، لە ڕێگەی زمانەوە قسەکردن و ئاخاوتن دێتەکایەوە، ئەو دەربڕینی دەنگ و وشە و ڕستانەی کە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە، یەکتر دواندن لە نێوانیان دروست دەبێت وەک مخشری لە کتێبی أساس فی البلاغە دەڵێت: "کە گفتوگۆت لەگەڵی کرد، بە قسەکانی دەچێتەوە، ئەمەش جوانی دوانە، کە دواندن لە نۆرەی خۆی وەڵامت دەداتەوە، بەمەش لەکاتی گفوگۆکردن وەڵام وەردەگرێتەوە" (ژوان عبدالسلام عزیز، ٢٠٢٣: ٢٨٥). واتە دیالۆگ وەک کردەیەکی زمانی کەشێک دروست دەکات بۆ کارەکتەرەکان کە ڕاوبۆچوون بەشێوەی نۆرەگرتن دەربڕن و پێداچوونەوە بە قسەی یەکتری بکەن.

## ٢،٢ مێژووی دیالۆگ:

هەموو زانستەکان و هونەرەکان خاوەنی بنچینە و سەرەتایەکن، جا چ لە ڕێگەی زانست و هونەرەکانی ترەوە پەیدابووبن یاخود خۆیان بوونیان هەبێت و دەرکیان پێکرابێت، بۆیە دیالۆگ بۆ سەرەتای بوونی مرۆڤ و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە" لە پێناو بەردەوامبوون و ڕێکخستنی کار و بە دەستخستنی زانیاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، هەوڵ و کۆششەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانج و بە دەستهێنانی ڕاستی، پێویستی بە ڕێگایەکی گونجاو هەبووە و هەیە، کە وەک هۆکارێک لە ڕێگەیەوە زیندوویێتی و بەردەوامی و پێشکەوتن بە گشت لایەنەکانی ژیانی بدات، هەر بۆیە لەم لایەنەوە هەوڵیداوە باشترین ڕێگا، کە دیالۆگە هەڵبژێرێت". (سارا صدقی حمەامین ،٢٠٢٠: ٥). ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە بۆ گەیشتن بە زانیاری تەواو و ڕاستی و حەقیقەت دیالۆگ بایەخێکی زۆری هەبێت لەلایەن زانایان و فەیلەسوفانەوە، بۆیە سەرەتای دیالۆگ وەک تەکنیک و هونەرێک لەلایەن فەیلەسوفانی یۆنان (سوقرات و ئەفلاتوون)ەوە دەرکی پێکراوە، سوقرات لە ڕێگەی دیالۆگەوە ویستویەتی بە ڕاستی شتەکان بگات، هەروەها هەموو نوسراوەکانی ئەفلاتوون کە سوقرات کارەکتەری سەرەکی بووە بەشێوەی دیالۆگ داڕێژراون "گفتوگۆکانی سوقرات و ئەفلاتوون لە تەک شێوە ئالۆز و ڕەهەندە فەلسەفییەکاندا هەیانە ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان لە پێکهێنانی ئەو شێوە گفتوگۆیە و شێوەی داڕشتندا هەبووە". (ئارام یوسف ئیبراهیم، ١١: ٢٠١٥)، بەلام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی هەموو لایەنەکانی ژیان بە گشتی و نووسین بەتایبەتی، دیالۆگیش بەرەوپێشچوو و لەو فۆرمە سادەیەی کە لای سوقرات و ئەفلاتوون هەیبوو دەرچوو و گۆڕانی بەسەردا هات، لەبەر ئەوەی "ئەو هێزی گەیاندن و کاریگەرییەی خۆی لە دەستداوە، کە دەبوو گفتوگۆ ئەنجامی بدایە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو گفتوگۆیانە تەنها ڕەگەزەکانی (ململانێ)بوون بەبێ ئەوەی گۆڕان و پەرەسەندنی کارەکتەرەکان دەربخات". (سەمیرە ئەحمەد ئیبراهیم، ٢٠٠٧: ١٠-١١)، لای ئەوان دیالۆگ بۆ لێک تێگەیشتن و گەیشتن بە ڕاستی و زانین بەکاردەهێنرا، بەلام ئەو گۆڕانەی

بەسەردا هات بریتیی بوو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دیالۆگ لەنێو دەقەکاندا، بەتایبەت دەقە شانۆییەکان، کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی لەخۆ گرت، وەکو: بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان، پێدانی زانیاری بە خوێنەر، دەرخستنی دەروونی کارەکتەر، فرەدەنگی کارەکتەرەکان و دەرخستنی زمانی کارەکتەرەکان... و کۆمەڵێک ئەرکی تر.

شایەنی باسە، دیالۆگ "یەکێکە لەو تەکنیکانەی لە هونەری شانۆگەرییەوە هاتۆتە نێو ڕۆمان" (ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠: ١٨٩)، بەڵام دواتر ڕۆماننووسان لە گرنگی دیالۆگ تێگەیشتن و پەلکێشیان کرد بۆ نێو ڕۆمان و سوودێکی زۆریان لێوەرگرت.

### ٢.٣ پەیوەندی نێوان دیالۆگ و گێڕانەوە:

لەنێوان دیالۆگ و گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە دادەنرێت "بەو شتانە هەڵدەستێ کە گێڕانەوە پێی هەڵناستێ، پێویست ناکات شتێک بە دیالۆگ دەرببڕدرێت ئەگەر بتوانرێ لە ڕێی گێڕانەوەی ئاساییەوە دەرببڕێت، بەڵکو کاری دیالۆگ ئەوەیە ئەگەر شتێک نەتوانرێ بەشێوەیەکی ڕێک لە ڕێگای گێڕانەوەوە دەرببڕێت ئەوا دیالۆگ بەکاربهێنێت". (سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، ٢٠٠٩: ٢٢٠). لێرەدا دیالۆگ بە تەواوکەری گێڕانەوە دادەنرێت ئەمەش لەبەرئەوەی دیالۆگ هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەو شتانەی کە گێڕانەوە ناتوانێ بەشێوەیەکی ئاسایی و ڕێکوپێک دەرببڕێت، دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە خستنەڕوو و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان. هەروەها ڕێگەخۆشکەرە بۆ نووسەر کە ناساندن بۆ کارەکتەرەکان بکات "پێوەرێکی دەروونی وردە، توانای پۆلێنکردنی دەروونی کارەکتەرەکانی هەیە، بە بلیمەتی و ڕاستگۆیانە، جگە لە وێناکردنی کارەکتەرەکان و پەرەپێدانی ڕووداو". (پەری سالح موفتی، ٢٠١٢: ٢٠٣ )، واتە دیالۆگ پانتاییەکی فراوانە کە نووسەر یاخود گێڕەرەوە تێیدا بەشێوەکی ڕاست و بلیمەتانە کارەکتەرەکان بناسێنێت و ڕوداوەکان بخاتەڕوو و بەرەوپێش ببات، ئەمەش دەرخەری پەیوەندی نێوان دیالۆگ و گێڕانەوەیە لە نوسینی چیرۆکدا، لەگەڵ ئەمەشدا "ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاشکراکردنی مەبەستە شاراوەکانی

دەقدا، جا چ مەبەستی ڕۆماننوس بێت یاخود خستەڕووی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی یاخود هەڵوێستی کارەکتەرەکان بێت لە ئاستی کێشە و ململانێیەکاندا". (د. ژوان عبدالسەلام عەزیز، ٢٠٢٣، ٢٨٨)، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە دیالۆگ پەیوەندی هەیە لەگەڵ سەرجەم توخمەکانی ناو دەق، "وەکو ڕووداو و کات و شوێن، لەڕێی ئەوەوە ڕووداوەکان بەرەوپێش دەچن و پلۆت دادەمەزرێت و زەمەنی گێڕانەوە و حیکایەت لە دیمەندا یەکسان دەکرێت و سەردەمی ڕووداو و شوێنی ڕووداو بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبن". (ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠: ١٩٠)، ئەم پەیوەندیەی دیالۆگ لەگەڵ توخمەکان هاوکارە لە پەرەدان بە پرۆسەی گێڕانەوە، کەواتە پەیوەندی نێوان دیالۆگ و گێڕانەوە هاوشانە لەگەڵ یەکتری، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هونەری گێڕانەوەدا.

### ٢.٤ پەیوەندی و گرنگی دیالۆگ لە ڕۆمان:

دیالۆگ یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان، دەتوانین بڵێین ڕۆمان بەبێ دیالۆگ نابێت، چونکە بزوێنەری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانە و لە ڕێگەیەوە ڕووداوەکان بەرەوپێش دەچن. "ئەگەرچی یەکێکە لەو تەکنیکانەی لە هونەری شانۆگەرییەوە هاتۆتە نێو ڕۆمان، ڕۆماننووسیش سودی لێوەردەگرێت و بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە ببات. لەلایەکی دیکەشەوە زانیاری دەربارەی کارەکتەرەکان بخاتەڕوو، چونکە لە دیالۆگدا کارەکتەرەکان هەندێکجار ڕاستەوخۆ قسەدەکەن بەبێ یارمەتی حیکایەتخوان، ئەمەش وادەکات خۆیان زانیاری دەربارەی خۆیان پێشکەش بکەن". (ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠: ١٨٩).

بە گشتی دەقی ئەدەبی نابێت دابڕاو بێت لە ژیانی ڕاستی ناو کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هەست بە زیندوویەتی دەقەکە بکەین، لەڕێگەی دیالۆگەوە ئەم زیندوویەتییە بە ڕۆمان دەبەخشرێت، چونکە کەم تا زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی هەر کەسێکدا دیالۆگ ئامادەیی هەیە و "مرۆڤ وەک بوویەکی کۆمەڵایەتی، بەپێی سروشتی خۆی حەز بە دروستکردنی پەیوەندی دەکات" (دیمەن

عبدالله سالّح، ٢٠٢٢: ١١٢)، ئەو پەیوەندیکردنەش لەڕێگەی دیالۆگەوەیە، کە کردەیەکی زیندووە لەنێو ئێمەی مرۆڤدا هەیە.

یەکێکی تر لە گرنگییەکانی دیالۆگ لەنێو ڕۆماندا، کە وا دەکات پەیوەندی دیالۆگ و ڕۆمان ڕوونتر بەرجەستە بکات و گرنگییەکەی دەربخات، ئەوەیە کە "دیالۆگ یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی بەرجەستەکردنی کەسایەتی، کە دەتوانێت ڕووخسار و شێوازی کەسایەتییەکان بە وەرگر ئاشنا بکات". (دیمەن عبدالله سالّح، ٢٠٢٢: ١١٣). ئێمە لەڕێگەی دیالۆگەوە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان دەناسین و دەزانین شێوەیان چۆنە، و باری دەروونیشییان دەردەخات، چ لە ڕێگەی شێوازی دەربڕینی قسەکانیان بێت، یاخود لە ڕێگەی ئەو دەستەواژانەی کارەکتەرەکان لە کاتی قسەکردن لەگەڵ یەکتریدا دەریدەبڕن، وەکو: ترسا، شەرمیکرد، زەرد هەڵگەڕابوو و ...تاد. کارەکتەری جیاواز لەنێو ڕۆماندا هەن، خوێنەر حەزدەکات بیانناسێت، بزانێت چ کارەن؟ ناویان چیە؟ لەکوێ دەژین؟ ژیانی تایبەتییان و کۆمەڵێک وردە زانیاری تر. زۆربەی زۆری ئەو زانیارییانەش لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان خودی ئەو کارەکتەرانەوە بە ئێمە دەگات، لە بەرمەبنای ئەمەشەوە "ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان کەسانی چرۆکەکەدا دەکرێ، دەبێ ئاسایی بێ و دروستکراو نەیەتە بەرزەینی خوێنەر". (جەوهەر محەمەد مەولود شێخانی، ٢٠١٣: ١١٠).

### ٢.٥ زمانی دیالۆگ:

مەبەستمان شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانە، هەروەک چۆن شێوازی ئاخاوتنمان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی ناوچە، ژینگە، ئاستی ڕۆشنبیری، ئەکادیمی، کار و پیشە...تاد دەگۆڕێت، هەموومان خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی خۆمانین، کەواتە دەبێت کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانیش خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان بن. "هەر کەسە و بەجۆرێک قسە دەکات، کەواتە دەبێت کارەکتەرەکان ستایلی خۆیان هەبێت". (گۆران سەباح، ٢٠٢٤: ٤٣). بەشێکی زۆری زیندوویەتیی دەق بۆ زمانی دیالۆگ دەگەڕێتەوە، ئەگەر

ڕۆماننووسەکە توانیبێتی شێوازی ئاخاوتنی جیاواز بە هەریەک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی بدات، چونکە "زمانی دیالۆگ پێویستی بەوە هەیە نووسەر بە جۆرێکی ساز بکات کە لەگەڵ ئاستی دەربڕین و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ژینگەیی ئەواندا بگونجێت". (ژوان عبدالسلام عزیز، ٢٠٢٣: ٦). ناکرێت کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان هەمان شێوازی ئاخاوتنیان هەبێت و هەمیشە خوێنەر بەر هەمان شێوازی ئاخاوتن بکەوێت، چونکە کارەکتەرەکان هەم ژینگە و ناوچەیان جیاوازە، هەم ئاستی ڕۆشنبیری و کار و پیشەیان، کە دەبێت ئەو لایەنانە شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرەکان بگۆڕن.

نووسەر نابێت شێوازی ئاخاوتنی خۆی بخاتە نێو کارەکتەرەکان، واتە "هیچ نەبێت مەودایەک لەنێوان زمانی تایبەتی خۆی و زمانی کەسێتییەکانیدا دابنێت". (عەبدولڕەحمان مونیف، ٢٠٠٦: ٢٨). کارەکتەرەکان دەبێت بەپێی ئەو ڕۆڵ (مامۆستا، جوتیار، دوکاندار، بێکار ...تاد) و باکگراوندە مەعریفیەی کە هەیانە، لەگەڵ ئەو ژینگە و ناوچەیەی کە تێیدان، شێوازی ئاخاوتنیان جیاوازبێت لە کاتی دیالۆگدا، چونکە هەریەکەیان بەهۆی گۆڕانی ئەو لایەنانە شێوازی ئاخاوتنیان بە بەراورد بەیەکتر دەگۆڕێت. کاتێک نووسەر کۆمەڵێک کارەکتەر بۆ ڕۆمانەکەی دەخولقێنێت و ڕۆڵەکانیان دەستنیشان دەکات، ئیتر "هەر ئەوەندەی ئەو کەسێتیانە لەدایک بوون و شوێن و کات و بابەت دانران، بە مانایەک لە ماناکان ئەو کەسێتییانە سەربەخۆیی خۆیان لە ڕۆماننووسەکە وەردەگرن". (عەبدولڕەحمان مونیف، ٢٠٠٦: ٢٩)، دەبێت لەهەموو ڕوویەکەوە بوونی خۆیانیان هەبێت، بەتایبەت لە دیالۆگدا خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان بن، زمان لە دیالۆگەوە خۆی دەرئەخات، لەهەمان کاتدا دەرخەری بیرکردنەوە و پیشاندانی "شێوازی بیرکردنەوەی کەسێتییەکە دەردەکەوێت" (عەبدولڕەحمان مونیف، ٢٠٠٦: ٢٩)، ئەوەش بۆ نووسەرەکە دەگەڕێتەوە، تا چەند توانای هەیە خۆی لەنێو کارەکتەرەکاندا بکێشێتە دەرەوە، بەرگێکی واقیعییان بکاتەبەر و بهێڵێت سروشتییانە مامەڵە و گفتوگۆ بکەن.

### ٢.٦ ئەرک و گرنگی دیالۆگ:

لە پەیوەندی نێوان دیالۆگ و ڕۆماندا گرنگی دیالۆگمان بەهۆی ئەرکەکانییەوە بۆ دەردەکەوێت. ڕووداوەکانی ڕۆمان لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەخرێنەڕوو، لەهەمانکاتدا دیالۆگ "ڕووداوەکان بەرەوپێش دەبات (بەڵام هەموو کاتێک ئەم ئەرکە نابینێت)" (ڕێزان ڕەحمان خدر، ٢٠١٢: ١٥٧)، ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگە، چونکە ناهێڵێت ڕووداوەکان لە خاڵێکدا بوەستن و چەقبەستوو بن، بەڵکو پاڵ بە ڕووداوەکانەوە دەنێت و بەرەوپێشەوەیان دەبات. کارەکتەرەکان لە سەرەتای ڕۆمانەوە تاکو کۆتاییەکەی بەردەوام دیالۆگ دەکەن، لە ئەنجامی ئەو دیالۆگکردنانەشدا ڕووداوەکان وردە وردە بەرەوپێش دەچن، لەهەمان کاتدا ناهێڵێت ڕووداوەکان لە خاڵێکدا بوەستن، بەڵکو وەکو بزوێنەرێکی ڕووداوەکانیشە و "بەرپرسیارێتی گواستنەوەی جوڵانەوەی ڕووداوەکانی دەکەوێتە ئەستۆ لە خاڵێک بۆ خاڵێکی تر" (ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠: ١٨٩).

دیالۆگ ڕۆڵی هەیە لە بەرجەستەکردنی توخمەکانی گێڕانەوە وەک کارەکتەر، ڕووداوەکان، شوێن، کات...تاد، زۆربەی ئەو توخمانەش لە ڕێگەی دیالۆگەوە وەسف دەکرێن. دیالۆگ حاڵەتە دەروونییەکانی کارەکتەرەکان دەردەخات، جا چ خۆیان وەسفی حاڵەتی دەروونی خۆیان بکەن (بە خەمبارییەوە گوتم، بە دڵخۆشییەوە وەڵامم دایەوە، بە تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە...)، یاخود لە ئەنجامی دیالۆگەکەوە ئەو حاڵەتە دەروونییە دەربکەوێت، واتە دیالۆگ "پێوەرێکی دەروونیی وردە، توانای پۆلێنکردنی دەروونی کارەکتەرەکانی هەیە" (پەری سالح موفتی، ٢٠١٢: ٢٠٣). هەروەها دیالۆگ ڕۆڵی هەیە لە وەسفکردن و دەرخستنی خەڵک و شوێن و پیشە.

دیالۆگ جگە لەم ئەرکانەی ئاماژەمان پێکرد، کۆمەڵێک ئەرکی تری هەیە، کە هەموویان گرنگن، ئەوانیش بریتیین لە:

- ئەرکێکی تر بریتییە لە "بەخشینی زانیاری" (سنور قادر فەرەج، ٢٠١٢: ١٤٤). پێدانی زانیارییە بە خوێنەر لەسەر شوێن، کارەکتەر، کات، شت و کەس (باسی کەسێک بکرێت

که ئەسڵەن کارەکتەریش نەبێت، تەنیا باسی بکرێت). بۆ نموونە دەکرێت دیالۆگی نێوان دوو کارەکتەر، زانیاریمان بداتێ لەسەر پیشە، جلوبەرگ، سەروسیما، ناو... تاد.

- دیالۆگ "ئەرکی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوەیە، ئەمەش بەمانای زیاتر ڕاستیبوونی کارەکان دەگەیەنێت و بەرهەمە چیرۆکئامێزەکانیش مەبەستییانە وەکو ڕووداوی ڕاستی باوەڕپێکراو دەربکەون، بەو مەبەستەی کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکەن" (سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، ٢٠٠٩: ٢٢١). 'بۆریس تۆماشێفسکی' ئەو تیۆریزانە فۆرمالیستە لە توێژینەوەکانیدا لەسەر چیرۆک "ئەو دوو کاتەی لەیەکتر جیاکردەوە، کە هەمان مانا و دیلالەتی چەمکی چیرۆک و چەمکی گەلالەیان هەیە" (حەمە مەنتک، ٢٠٢١: ٢١). دیالۆگ یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندە کاتیەدا. دیالۆگ، پلۆت پێشدەخات و کارەکتەرەکان پەرەپێدەدات و زانیارییەکان بە شێوەیەک دەگەیەنێت کە لە چوارچێوەی هێڵی کاتی چیرۆکەکەدا هەست بە سروشتی و واقیعیانە بکات. دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ ئەوەی بەرهەمە گێڕانەوەییەکان واقیعییانە دەربکەون، چونکە دیالۆگ ڕەنگدانەوەی شێوازی قسەکردنی مرۆڤەکانە لە ژیانی ڕاستەقینەدا، بەمەش واقییانە پیشانی دەدات.
- دیالۆگ ئەرکی "فرەدەنگی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا" دەبینێت (د. دیار فایق مجید، ٢٠١٧: ٤٧٩)، واتە گێڕانەوەکە تەنها لە دەست یەک کارەکتەر نەبێت، بەڵکو چەند کارەکتەرێک باسی بەسەرهات و چیرۆک و ڕووداوەکان بکەن، ئەمەش زۆرجار لەناو دیالۆگدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش بە ئەرکێکی دیالۆگ دادەنرێت کە فرەدەنگی بێنێتەکایەوە.
- ئەرکی "پیشاندانی ململانێی نێوان دوو کارەکتەر" (گۆران سەباح، ٢٠٢٤: ٧٢). مەبەستمان ئەوەیە کە دیالۆگ زۆرجار پێکدادانی بیرکردنەوە، ڕوانگە، ئارەزوو، یان مەبەست لە نێوان دوو کارەکتەر یان زیاتر لەخۆدەگرێت. ئەم ململانێیە گێڕانەوەکە بەرەو پێشەوە دەبات، لایەنەکانی کەسایەتی و پاڵنەر و پەیوەندییەکانی کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکات.

- دیالۆگ "ئەو تەوەرەیە بیرۆکەی دەق و ناوەڕۆکە قووڵەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت" (پەری سالح موفتی، ٢٠١٢: ٢٠٦). نووسەر سوود لە دیالۆگ وەردەگرێت بۆ گەیاندنی مەبەستە (تێمە) گشتییەکە بە خوێنەر. بە گشتی نووسەر مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە لە نووسینی دەقدا. لە ڕۆماندا نووسەر سوود لە دیالۆگ وەردەگرێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی، بە دروستکردنی چەندین کەسێتی لەنێو دەقدا و بە یارمەتی دیالۆگی نێوان ئەو کەسێتیانە مەبەستەکەی دەگەیەنێت.

**٢.٧ جۆرەکانی دیالۆگ:**

ڕای جیاواز هەن لەسەر دیاریکردنی جۆرەکانی دیالۆگ ئەمەش بەهۆی ئەو ئەرکە جیاوازانەی دیالۆگ دەیبینێت لەناو دەقی ئەدەبییدا. بۆیە هەریەکەیان بەپێی بیرکردنەوە و شارەزابوون لە دەق و دیالۆگ جۆرەکەیان دیاریکردووە، (جیرار جانێت) سێ جۆری دیالۆگ دەست نیشان دەکات: (د. ژوان عبدالسەلام عزیز، ٢٠٢٣: ٨)

- دیالۆگی هەڵگیراو/ ڕاستەوخۆ
- دیالۆگی گێڕاوە
- دیالۆگی گوازراوە/ ناڕاستەوخۆ

لەڕووی بنیاتەوە (د.نەجم خالد ئەلوەنی) لەگەڵ دەستنیشانکردنی جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ دوو جۆری تریشی بۆ زیاد دەکات کە ئەوانیش بریتین لە دیالۆگی سادە و دیالۆگی لێکدراوە.(سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، ٢٠٠٩: ٢٢٢)

هەروەها بەپێی ئەو زمانەی لە پەیوەندی نێوان قسەکەران هەیە، (سێلڤی دۆرەر) دیالۆگ دابەشی سەر سێ جۆر دەکات: (د. ژوان عبدالسەلام عەزیز،٢٠٢٣: ٨)

- دیالۆگی فێرکاری
- دیالۆگی جەدەلی

- ديالۆگی مشتومڕ ئاسا.

وێڕای بوونی دابەشکاریی جۆراوجۆر بۆ جۆرەکانی دیالۆگ، بەڵام ئێمە پشتمان بە ماستەرنامەیەک بەستووە بۆ جۆرەکانی دیالۆگ، کە لایەن 'ئارەزوو محەمەد عەلی' لەژێر ناونیشانی 'تەکنیک لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)دا' نووسراوە، تێیدا دیالۆگ دابەشی سەر دوو جۆری سەرەکیی دەکات، بریتیین لە: دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە هەمان کاتدا دیالۆگی ڕاستەوخۆی دابەشکردووە بەسەر سێ جۆر، ئەوانیش بریتیین لە: دیالۆگی ڕاستەوخۆی سادە، وەسفی-شیکاری و ڕەمزی. (ئارەزوو محەمەد عەلی (٢٠٠٩) تەکنیک لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)دا)

**٢.١.٧ دیالۆگی ڕاستەوخۆ:**

ئەم جۆرە بە بەربڵاوترین و کۆنترین جۆری دیالۆگی ناو ڕۆمان دادەنرێت، کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان کارەکتەرەکانە، "ئەمجۆرە دیالۆگە ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینێت لە پەرەپێدانی ڕووداودا، جگە لە وێناکردنی واقیع وەک خۆی، بەهۆی پەردە لادان لەسەر ناخی کارەکتەر"(پەری سالح موفتی، ٢٠١٢: ٢٠٨) لەم جۆرەدا کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەن ئەمەش زۆرجار لە شێوەی پسیار و وەڵامە یاخود قسەکەر و گوێگر بەشێوەی نۆرە لەسەر بابەتێک دەپەیڤن، ڕۆماننوس یاخود گێڕەرەوە دەوری نییە لە گێڕانەوەدا بەلکۆ کارەکتەرەکانن کە بە ئەرکی گێڕانەوەکە هەڵدەستن، "واتە کارەکتەر ڕۆڵی حیکایەتخوان دەگێڕێ بەهۆی جێناوی کەسی یەکەمی تاکەوە کە ڕاستەوخۆ بەشداری لە گفتوگۆکان دەکات، ئەمەش زیاتر لەو گفتوگۆیانەدا دەبێت کە لە ئێستای گێڕانەوەدا ئەنجام دەدرێت"(ئارام یوسف ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١١٩) کەواتە گێڕانەوەکە ئەگەر لە دەست حیکایەتخوان بێت ئەوا دەچێتە دەست کارەکتەرەکانەوە، کارەکتەر ڕۆڵی حیکایەتخوان دەبینێت. شۆڕبوونەوەی گێڕانەوە بۆ دەست کارەکتەرەکان بەهۆی وەسف و تێگەیشتنی کارەکتەرەکانە لەسەر یەکتر "واتە پێویستە گێڕەرەوە خۆی بچێتە شوێنی کەسەکە و بە چاوی ئەو شتەکان ببینێت و بە مێشکی ئەو بیربکاتەوە و بەهەست و سۆزی ئەو هەست بکات" (د.دیار فایەق مجید،٢٠١٧ : ٤٨٦)

لێرەدا ڕاستەوخۆ دیمەنەکان و زانیاریەکان لەسەر زاری کارەکتەرەکان بە خوێنەر دەگات، وە لەم جۆرەدا زیاتر ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک(من) لەلایەن کارەکتەرەکان بەکاردەهێنرێت یاخود دەستەواژەکانی (وتم، پرسیارمکرد، وەڵاممدایەوە...) کە ئەمەش دەتوانرێت بە تایبەتمەندی ئەم جۆرە دیالۆگە دابنرێت.

### ٢.١,١,٧ دیالۆگی سادە:

وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، دیالۆگێکی سادەیە و زمانێکی سادە و ئاسایی هەیە، "نزیکە لە قسەی ڕۆژانە" (سنور قادر فەرەج، ٢٠١٢: ١٤٩)، پرسیاری ئاسایی و وەڵامدانەوەی ئاسایی و قسەکردنێکی سادە و ساکارە. دیالۆگی سادە لە ڕۆماندا ئاماژەیە بۆ گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان کە ڕاستەوخۆ و سادە و بێ ئاڵۆزییە. ئەم دیالۆگانە بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە گەیاندنی زانیاری و پێشخستنی پلۆت، بەبێ ئەوەی بە قووڵی بچنە ناو بابەت یان هەست و سۆزە ئاڵۆزەکانەوە. زۆرجار دیالۆگی سادە بۆ یەکترناسینی کارەکتەرەکان، سڵاوکردن و ئەحواڵپرسین بەکاردێت. زیاتر دیالۆگێکی کردارەکییە، چونکە "لەسەر بنەمای کاردانەوەیەکی خێرا یان وەڵامدانەوەیەکی ئاسان یان گۆڕینەوەی وشە بنیات دەنرێت. ڕاڤەکردنی جۆراوجۆر هەڵناگرێت" (م.م. بسام خلف سلیمان، ٢٠١٣: ١١). وەسف و شیکردنەوەی جیاواز لەخۆی ناکرێت، چونکە وشە، دەستەواژە و ڕستەکان ڕوون و سادەن.

### ٢.٢,١,٧ دیالۆگی وەسفی_شیکاری:

ئەمجۆرە دیالۆگە "دیالۆگێکی ئاسایی نییە، بەڵکو قوڵ بوونەوەیەکی تێدایە کە خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە، ئەوانیش وەسف کردنە دواجاریش شیکردنەوە و لێکدانەوەیە" (ئارەزوو محەمەد عەلی، ٢٠٠٩: ٥٣). دیالۆگێکی تێڕامانئامێزە، کارەکتەرەکان لە دیالۆگ کردندا تێڕامان و وردبوونەوەیان هەیە بۆ بابەتەکان، " چاوی قسەکەر بە هێواشی دەسوڕێتەوە، چاوێکی تێڕامانە بۆ شت و بارودۆخەکان، توانای وەسفکردنی قووڵی هەیە" (فاتح عبدالسلام، ١٩٩٩: ٦٦). کارەکتەرەکان بەشداری گفتوگۆی قووڵ دەکەن کە بابەتگەلێکی جۆراوجۆر شی دەکەنەوە،

قووڵ دەبنەوە لە بیرۆکەکان، لەگەڵ ئەمەشدا وەسفی شتەکان دەکەن و ڕاڤەیان دەکەن. دەتوانین بڵێین ئەم دیالۆگە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی شتەکانە، واتە کارەکتەرەکان لەم جۆرەی دیالۆگدا بەهۆی وەسف و شیکارییەوە ئەو شتانە ڕوون دەکەنەوە کە باسیان دەکەن.

**٢.٣.١.٧ دیالۆگی ڕەمزی:**

مەبەست لەم دیالۆگە ئەوەیە کە کارەکتەر لە "دەربڕینی ڕاستەوخۆ دوور بکەوێتەوە" (مجید، ٢٠١٧: ٤٨٣) بەڵکو پشت بە ڕەمز و هێما ببەستێت لەکاتی دیالۆگدا. کارەکتەرەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێما و ڕەمزەوە، مەبەستەکانیان دەگەیەنن، دوور لە زمانی ئاسایی و سادە، دەکرێت ڕەمزەکە وشەیەک، دەستەواژەیەک یاخود ڕستەیەک بێت. هاوکات "بە ڕەمزکردن جۆرێکە لە خوازتن" (ئارەزوو محەمەد عەلی، ٢٠٠٩: ٥٦)، چونکە دەکرێت ئەو وشە، دەستەواژە یاخود ڕستەیەی کە کارەکتەرەکان لە دیالۆگدا دەریدەبڕن خواستراوبێت و بۆ مەبەستێکی تر دەربڕدرابێت، یاخود زۆرجار بە هێمایەک بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەو شتە بدەن کە مەبەستیانە. دیالۆگی ڕەمزی لە ڕۆماندا گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان دەگرێتەوە کە ئەو وشانەی کە دەڵێن مانای قووڵتر و ڕەمزییان هەیە لە دەرەوەی لێکدانەوەی وشەیی خۆیانن. لە دیالۆگی ڕەمزیدا، کارەکتەرەکان زمانی ئاماژە بەکاردەهێنن بۆ گەیاندنی چەمک، بابەت و مەبەستەکانیان.

**٢.٢.٧ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:**

یەکێکە لە جۆرەکانی تری دیالۆگ، بەهەمان شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانە، بەڵام گێڕانەوەکە لە دەست حەکایەتخوانە یاخود ئەو کارەکتەرەی گێڕانەوەکەی لە ئەستۆدایە، ڕۆماننووس یاخود گێڕەڕەوە گفتوگۆیەکە بەڕێوە دەبات، واتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نییە لەنێوان کارەکتەرەکان بەڵکو کەسێکی تر لە دەرەوەی کارەکتەرەکان گفتوگۆیەکان دەگێڕێتەوە، "ئەم پرۆسەی گێڕانەوەیەش بە جێناوی کەسی سێیەمی (تاک و کۆ) ئەنجام دەدات، بە بەکارهێنانی دەستەواژەی وتی، وتیان، پرسی، دەڵێ، یاخود هەندێکجار

ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناوی کارەکتەرەکان دەکات"(ڕێزان عوسمان،٢٠١٠: ١٩٨) ئەمەش بە تایبەتمەندیەکی ئەم دیالۆگە دادەنرێت، مەبەست لەم دیالۆگە گێڕانەوەی قسەی کارەکتەرەکانە بەشێوەیەکی پوخت دوور لە قسەی زیادە، کە ئەمەش بە خاسیەتی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ دادەنرێت. "خاسیەتی ئەم جۆرە دیالۆگە کورتی و پوختیە نەک درێژدادڕی، لەگەڵ شێوازی ناڕاستەوخۆ کۆمەڵێک ڕووداوی هەڵبژاردە لە دەقە درێژەکان کورت دەکاتەوە"(دیمەن عبدالله سالح، ٢٠٢٢: ١٢٠) واتە زیاتر گرنگیدانە بە گواستنەوەی جەوهەر و ناوەڕۆکی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان، وە بایەخدانە بەو ڕووداو و ئاخاوتنانەی کە لە نێوان کارەکتەرەکان ڕویداوە، "دیالۆگی ناڕاستەوخۆ ڕووداو و جوڵەی کەسایەتیەکانمان لە ڕابردووەوە بۆ دەگوازێتەوە، ئەو کەسایەتیانە کە هەندێ کاریان ئەنجامداوە نووسەر وادەبینێ بایەخی خۆی هەیە گەر بگوازێتەو بۆ سیاقی ئێستا بە مەرجێک پارێزگاری لە شێوە و بیرۆکە و وێنەکێشانەکە بکرێت"(ئارەزوو محەمەد علی، ٢٠٠٩: ٥٧) ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان و خستنەڕووی هەڵوێستی کارەکتەرەکان لەمەڕ ڕووداوەکان.

## بەشی سێیەم

## جۆرەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)

لەم بەشەدا جۆرەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانی قەبرێکی سێگۆشەدا دەخەینەڕوو، دیالۆگ بە هەردوو جۆرەکەیەوە (دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)، وەک تەکنیکێکی گێڕانەوە پانتایەکی فراوانی لە ڕۆمانەکەدا داگیرکردووە، هەوڵماینداوە بە نمونەی دیالۆگەکانی ناو ڕۆمانەکە، هەردوو جۆری دیالۆگ بەپێی ئەو خاسیەت و تایبەتمەندیانەی هەیانە پراکتیزە بکەین.

### ٣.١ دیالۆگی ڕاستەوخۆ:

لە ڕۆمانی 'قەبرێکی سێگۆشە'دا ڕۆماننووس تاڕادەیەک سوودی لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ وەرگرتووە و هەندێک دیالۆگی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، کە بەهۆیەوە ڕووداوەکان دەخاتەڕوو. بۆ نموونە: دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕەندان و فەرەیدوون دروست دەبێت، ئەم دوو کارەکتەرە سەبارەت بە 'گیتار' دیالۆگ دەکەن:

- فەرەیدوون: گیتارێکت لەماڵەوە هەیە، ڕەندان؟
- ڕەندان: واو.. توو گیتارژەنی! بەڕاست؟
- فەرەیدوون: ئم.
- ڕەندان: ئەزێ گیتارەکی ژ تە ڕا پەیدا بکەم. گیتاڕەکی بە هەدیە بدەم تە وەختی گەهشتین. باش؟ (فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ٦٩)

ئەمە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆیە، چونکە کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتری دەدوێن، هەروەها خەسلەتێکی تر کە ئەمجۆرە دیالۆگە بەرجەستە دەکات بریتییە لە نۆرەگرتن، کارەکتەرەکان بە نۆرە پسیار دەکەن و وەڵام دەدەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا زمانی کارەکتەران لەم

دیالۆگەدا دەرکەوتووە کە بەهۆی جیاوازی ناوچەکانیانەوە (کوردستانی باکوور و باشوور) زاری قسەکردنیان جیاوازە.

کاتێک فەرەیدوون لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە بە تۆمەتی تەزویرکردنی پاسپۆرت، قاچاغچییەتی و دزینی ئاسەواری زێڕین و گرانبەها دەستگیر دەکرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، لێرەوە کۆمەڵێک دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەنێوان دادوەران و فەرەیدوون دروست دەبێت، هەموو ئەو دیالۆگانە ئەرکی پێدانی زانیارییان بینیووە. یەکێک لەم دیالۆگە ڕاستەوخۆیانە، ئەم کورتە دیالۆگەیە، کە پرسیار لە فەرەیدوون دەکرێت، سەبارەت بە فەرەحناز خانمی دایەنی فەرەیدوون، ئەویش وەڵام دەداتەوە:

- دادوەری دووەم: تۆ باوەڕت وایە لە ڕۆژی سیمینارەکەی باوکت، فەرەحناز خانم لە شەنگال بووبێ؟
- فەرەیدوون: نازانم. تەنیا لە ڕۆژنامەکان باسی ئەو شتانەیان دەکرد، شتێکی ئەوتۆم بیر نەماوە باوەڕی پێبکەم. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ١٩٤)

دادوەران پرسیاری زۆر و جۆراوجۆر لە فەرەیدوون دەکەن، هەر بابەتێک بیریان بۆ بچێت پرسیاری لەبارەوە دەکەن. لەم پرسیارە جۆراوجۆرانەدا دیالۆگێکی تری ڕاستەوخۆ دروست دەبێت، کاتێک دادوەری چوارەم پرسیار لە فەرەیدوون دەکات سەبارەت بە چوونە دەرەوەی لەگەڵ شەهلا:

- دادوەری چوارەم: کاتێ لە هوتێلی (فردۆس) هاتنە دەرەوە، لەگەڵ شەهلا خانم چوون بۆ کوێ؟
- فەرەیدوون: یەکسەر چووین بۆ ماڵی "ڕەندان خانم"، گەورەم.
- دادوەری چوارەم: بۆچی چوون بۆ ئەوێ؟

- فەرەیدوون: گەورەم، شەهلا خانم لەناو ئۆتۆمبێل لەناکاو گوتی (ئەوە سێ ڕۆژە دەمەوێ نینۆکم بکەم و هەر لەبیرم دەچێ، با بچین لەوێ بە نینۆکبڕەکەی ڕەندان نینۆکم دەکەم و ئینجا دەگەڕێینەوە کافتریاکە).
- دادوەری چوارەم: نە تۆ، نە شەهلا خانم، کلیلی ئاپارتمانەکەی ڕەندان خانمتان لەلا نەبووە، ئەدی چۆن توانیتان بچنە ناو ماڵەکەی و زیاتر لە نیو سەعات لەوێ بمێننەوە؟ (فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ١٩٨)

لەم دیالۆگەشدا دادوەری چوارەم و فەرەیدوون بە نۆرە قسە دەکەن، دادوەر دەپرسێت و فەرەیدوون وەڵام دەداتەوە، ئەمەش خەسڵەتی دیالۆگی ڕاستەوخۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا دیالۆگەکە لە کاتی ئێستادا ڕوویداوە، بەمەش دەبێتە دیالۆگی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ پێدانی کۆمەڵێک زانیاری کە ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی دیالۆگە.

دادوەرەکان بەردەوامن لە پرسیارەکانیان. ئەمجارەیان سەبارەت بە ئیبۆی شوفێر، شەهلا و ڕەندان پرسیار لە فەرەیدوون دەکەن:

- دادوەر: ئیبۆی شوفێر کاتێ کلیلەکەی سپاردە شەهلا خانم، یەکسەر ڕۆیشت؟
- فەرەیدوون: بەڵێ گەورەم.
- نادوەر: بەتەنیا چیی دەکرد لەوێ؟
- فەرەیدوون: نازانم گەورەم، بە هیچ شێوەیەک نازانم بەتەنیا لەوێ چی دەکرد.
- دادوەر: ئەدی (ئێوە) لەوێ چەند مانەوە؟ چیتان دەکرد؟
- فەرەیدوون: تەنیا بیست دەقیقەیەکمان پێ چوو، گەورەم. وەکو گوتم، شەهلا خانم چوو نینۆکبڕەکەی بدۆزێتەوە، ماوەیەک نینۆکی خۆی کرد.. پاشان چوو تەوالێتێکی کرد ئینجا ڕۆیشتین. (فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ٢٠٠)

ئەم دیالۆگەش بەهەمان شێوەی دیالۆگەکەی تر ڕاستەوخۆیە، چونکە دادوەر پرسیار دەکات و فەرەیدوونیش وەڵام دەداتەوە، وەڵامەکانیش کۆمەڵێک زانیارییان تێدایە، بەمەش ئەرکی زانیاری پێدان دەبینێت.

دیالۆگێکی تر لەم دیالۆگانەی کە لە نێوان دادوەران و فەرەیدوون دروست دەبێت، سەبارەت بەوەی کە ئایا فەرەیدوون لە گۆڕی باوکی دەگەڕێت، یاخود پرسیار لەبارەی زیندووبوون و نەبوونی باوکی دەکات:

- دادوەر: باشە پرسیارێک؟
- فەرەیدوون: فەرموو گەورەم!
- دادوەر: تۆ وەک خۆت دەڵێی، لەگەڵ ڕەندان خانم نەچوونە سەر قەبرەکە! چاویشت بە (دکتۆر قەدری یڵدرم) نەکەوت تا لێی بپرسیت باوکت ماوە یان نەخێر، وایە؟
- فەرەیدوون: وایە گەورەم.
- دادوەر: باشە ئێستا چۆنی تێدەگەی، باوکت ماوە یان مردووە؟
- فەرەیدوون: گوتم: منیش دەمەوێ ئەمە بزانم گەورەم.
- دادوەر: باشە تۆ بۆچی ناتوانی دڵنیا ببیت کە باوکت مردووە؟
- فەرەیدوون: گوتم: گەورەم ئەدی نابێ بەڵگەم هەبێت؟ بۆ نمونە هیچ نەبێ گۆڕەکەی ببینم، مەبەستم قەبرەکەی بدۆزمەوە.
- باشە پرسیارێکی تر
- فەرموون گەورەم!
- ئایا تۆ دڵنیا نیت باوکت مردووە؟ یان دڵنیایت و دەتەوێت گۆڕەکەی بدۆزیتەوە؟ (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٢٠٤)

بەهەمان شێوەی دیالۆگەکانی تر، ئەمەش دیالۆگێکی ڕاستەوخۆیە، دادوەر دەپرسێت و فەرەیدوون وەڵام دەداتەوە. ئەم دیالۆگە هەم لەو کاتەدا ڕوویداوە کە قسەی تێدا دەکرێت، هەم

دەستەواژەی (گوتم)ی تێدا بەکارهاتووە، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ دیالۆگی ڕاستەوخۆ، هەروەک لە سەرەوە خستمانەڕوو. هەموو ئەم دیالۆگانە ڕاستەوخۆ لەوکاتانەدا ڕوویانداوە کە تیایدان، بەمەش دەبێتە دیالۆگی ڕاستەوخۆ.

### ٣.١.١ دیالۆگی ڕاستەوخۆی سادە:

لە ڕۆمانی 'قەبرێکی سێگۆشە'دا کۆمەڵێک دیالۆگی سادە بەکارهێنراوە. دوو جۆر دیالۆگی سادە لەم ڕۆمانەدا هەیە، جۆرێکیان تەنیا قسەکردنێکی ئاساییە و سود بە ڕەوتی گێڕانەوە و پێشخستنی ڕووداوەکان ناگەیەنێ، جۆرەکەیتریان بۆ گۆڕینی ڕووداو و پێشخستنی پلۆت بەکارهێنراون، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەیە. لەم ڕۆمانەدا کاتێک فەرەیدوون لە لایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێت، پرسیاری ناوی خۆی و باوکی لێدەکرێت، ئەمەش دیالۆگێکی سادە دروست دەکات:

- ئاسایش: ناوت چیە؟
- فەرەیدوون: فەرەیدوون.
- ئاسایش: فەرەیدوون کێ؟
- فەرەیدوون: فەرەیدوون فەرەیدوون پیرداوود. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٧١)

ئەم دیالۆگە سود بە ڕەوتی گێڕانەوە و پێشخستنی ڕووداوەکان ناگەیەنێ، ئەم دیالۆگە تەنیا زانیاری بەخشینە. لە شوێنێکی تریش دیالۆگێکی سادەی لەم جۆرە لە نێوان ڕەندان و فەرەیدوون دروست دەبێت، بەهەمان شێوە سود بە ڕەوتی گێڕانەوە و پێشخستنی ڕووداوەکان ناگەیەنێ. ئەم دیالۆگە لێرەوە دروست دەبێت، کاتێک ڕەندان باسی قوتدانی مارمیلۆق لەلایەن خەجێوە بۆ فەرەیدوون دەکات:

- فەرەیدوون: مارمیلۆقی قووت داوە؟!
- ڕەندان: بەڵێ. پیسپیسۆک. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٤٣)

دیالۆگێکی تری سادە لە نێوان ڕەندان و فەرەیدوون دروست دەبێت، کاتێک ڕەندان داوا لە فەرەیدوون دەکات لەم پشوەی بەهارەدا بچێت بۆ ئاپارتمانەکەی:

- ڕەندان: ئێستا پشوی بەهارەی دەوامی منە.. گوێ بدێ فەرەیدوون!
- فەرەیدوون: هم..
- ڕەندان: توو نابی دڵی من بشکێنی.
- فەرەیدوون: ئێ..
- ڕەندان: توو دێی؟.. دێی بۆ ئاپارتمانەکەی من؟!

فەرەیدوون: ئم! (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٦٦)

ئەم دیالۆگەش سود بە ڕەوتی گێڕانەوە ناگەیەنێ، تەنیا گفتوگۆیەکی سادەیە کە ڕەندان بانگێشتی فەرەیدوون دەکات بۆ ئەپارتمانەکەی، وە زیاتر لە یەکتر نزیکبوونەوە و یەکتر ناسین.

لە دیالۆگی سادەدا گفتوگۆکان زیاتر کورت و پوختن، بە کەمی دیالۆگی سادە هەیە درێژ بێت. دیالۆگێکی زۆر کورت لە نێوان گارسۆنی کافتریا ڕەندان و فەرەیدوون دروست دەبێت، کاتێک فەرەیدوون داوای گۆڤارێک دەکات بۆی بێنن و گارسۆنەکەش بۆی دێنێت:

- گارسۆن: ئەمە باشە مامۆستا؟
- فەرەیدوون: تەمام. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٢٥٦)

لە نێوان شەهلا و فەرەیدوون دیالۆگێکی تری سادە دروست دەبێت. ئەم دیالۆگە بە گشتی یەکێکە لە گرنگترین دیالۆگەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، چونکە لەم دیالۆگەوە ڕەوتی گێڕانەوە و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە گۆڕانیان بەسەردا دێت ، کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر دوای ئەم دیالۆگە ڕوودەدات، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی دیالۆگ. کاتێک شەهلا و فەرەیدوون

یەکتر دەناسن، لە یەکتر نزیک دەبنەوە و دیالۆگێکی سادە لەنێوایان دروست دەبێت، سەبارەت بە دکتۆر قەدری یڵدرم:

- فەرەیدوون: پرسیم: تۆ دکتۆر قەدری یڵدرم دەناسی؟
- شەهلا: وااای.. mais bien sure هەڤاڵی منە دکتۆر یڵدرم. ئەمێ وی بینین. سبەی، یان دووسبەی. تۆ چەند ڕۆژ لە چۆڵەمێرگ دەمێنیتەوە؟
- فەرەیدوون: پرسیم: ئەو لە (مێردین) دەژیت یان لە (وان)ێ؟

شەهلا: دکتۆر یڵدرم؟ نها لە زانکۆی دیاربەکرە. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٢٢٧)

ئەم دیالۆگە سادەیە بە دەستەواژەی (پرسیم) دەستپێکردووە، کە تایبەتمەندییێکی دیالۆگی ڕاستەوخۆیە. گرنگی ئەم دیالۆگە سادەیە لەوەدایە کە ڕەوتی گێڕانەوە و ڕووداوەکان دەگۆڕێن و کۆمەڵێک ڕووداو ڕوودەدەن کە کاریگەری لەسەر فەرەیدوون و تەواوی ڕۆمانەکەش هەیە، وەکو لەیەکتر نزیکبوونەوەی شەهلا و فەرەیدوون، گۆڕانی ڕووداو لە دۆزینەوەی قەبری باوکی بۆ ڕابواردن و هەوەسبازی، هەروەها دەستگیرکردنی فەرەیدوون لەلایەن میتی تورکیاوە، بەهۆی ئەم لەیەکتر نزیکبوونەوەی شەهلا و فەرەیدوون...تاد، ئەمانە کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگن کە لەدوای لەیەکتر نزیبوونەوەیان ڕوودەدەن و کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەوتی گێڕانەوە و بەتەواوی ڕووداوەکانیش دەگۆڕن، ئەگەر شەهلا و فەرەیدوون بەمجۆرە لەیەکتر نزیک نەبووبانەوە، دەکرا ڕووداوەکان جۆرێکی تربان.

### ٣.٢.١ دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی-شیکاری:

ئەمەش جۆرێکی تری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە، کە لە ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە. ئەمجۆرە دیالۆگە خۆی لە وەسفکردن و شیکاری دەبینێتەوە، کارەکتەران وەسفی شتێک دەکەن و دەیخەنەڕوو، دواتر شیکردنەوەی بۆ دەکەن، وەکو لەم دیالۆگەی نێوان هاوڕێیانی ئەشکەوت (ئیبراهیم، گەنجە بولگارییەکە، ئەو گەنجەی دزی لە مام سەید کردبوو، ئەسفەندیار و فەرەیدوون) کە لە

دەمی ناسرِ شەیدا و یەڵماز ئەم قسانەیان بیستبوو، ئەوانیش لەگەڵ یەکتر کەوتبوونە گفتوگۆ و وەسفی ژیانی دەرەوەیان دەکرد:

- دەڵێن لە دەرەوە دنیا زۆر گۆڕاوە!
- خەڵک گۆشتی کەر دەخۆن..
- لە برسان؟!
- لەناو شەقامە ئاپوورەکاندا سەدان کەس بە جارێک، بەدووای گامێشێک دەکەون و هۆیهای لێ دەکەن! گامێشی بەستەزمانیش، لە دەستیان شێت و هار، نازانێ چ بکا لە دەستیان! (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٢٧-٢٨)

کارەکتەران زۆر بە ڕوونی وەسفی ژیانی دەرەوەی ئەشکەوت دەکەن. کاتێک کارەکتەرێک دەڵێت: 'خەڵک گۆشتی کەر دەخۆن' ئەمە دروست وەسفکردنی خەڵکی دەرەوەی ئەشکەوتە، لەبەرامبەردا کارەکتەرێکی تر دەپرسێت: 'لە برسان؟!' ئەمەش شیکارییە، کاتێک دەبیستێت خەڵکی دەرەوە بەم جۆرەن، شیکاریی دەکات، ئایا ئەوان لە برسان گۆشتی کەر دەخۆن، یاخود هۆکارێکی تر هەیە. لە قسەکانی کارەکتەرێکی تر کە باسی ئەوە دەکات، چۆن خەڵکی بەدوای گامێشێک دەکەون و هۆیهای لێدەکەن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ ژیانێکی وەحشییەتگەرانەی هەیە، ئەمەش شیکارییە بۆ پرسیاری ئەو کارەکتەرەی کە گووتی 'لە برسان؟!'، واتە لە برسان گۆشتی کەر ناخۆن، بەڵکو ژیانەکە گۆڕاوە و خەڵک بەربەرییانە دەژین.

دیالۆگێکی تریش لە نێوان هاوڕێیانی ئەشکەوت دروست دەبێت. کاتێک یەڵماز و ناسرِ شەیدا بڕیارێکی سەرسەختانەیان دابوو، بە چوونە دەرەوەیان لە ئەشکەوتەکە، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کەم، یەڵماز دوای سێزدە ڕۆژ و ناسرِ دوای بیست ڕۆژ، بە ڕاکە ڕاک گەڕابوونەوە بۆ ئەشکەوتەکە و و گوتبوویان ژیانی ئەشکەوتەکە زۆر شەرەفمەندانەترە لە ژیانی پیس و پارەپەرستی و دڕندانەی دەرەوە. دیالۆگەکە بەم جۆرەیە:

- ئێمە دەرەقەتی ئەوان نایەین.
- بەڵام ئاخر ناشکرێت تا هەتایە هەر لەناو ئەم ئەشکەوتە بمێنینەوە!
- ئێمە لە جێگەییێکین ناچێتەوە سەر هیچ ڕێیەک.
- چ بکەین یا ڕەب؟!
- کەی بیرێکی نوێ، یان چارەسەرێک دەمانخاتە سەر بڕیارێکی یەکلاکار؟
- ئەوە چووینە دەرەوەش، لەوێ چ بکەین؟
- ئاخر بە ئێمە چی دەکرێت؟ (فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ١٦-١٧)

لەم وەسفکردنەی یەڵماز و ناسرِ شەیدا بۆ جیهانی دەرەوە، هاوڕێیانی ئەشکەوتی ترساندبوو، هەریەکەیان هەوڵی شیکارکردن و لێکدانەوەی دۆخەکەیان دەکرد، هەوڵیان دەدا چارەسەرێک بدۆزنەوە، ئەگەر بچنە دەرەوە هەمان شت بۆ ئەوانیش دێتە پێشەوە یاخود نا، چ ڕێگەیەک هەڵبژێرن، ئەگەر بچنە دەرەوەش لەوێ چ بکەن؟ چیان پێ دەکرێت؟ هەموو ئەو پرسیار و بیرکردنەوە و تێڕامانانە، بریتییە لە شیکاریی و شیکردنەوەی دۆخەکە.

ئەو کاتەی فەرەیدوون لەلایەن تورکیاوە دەستگیر دەکرێت و دادگایی دەکرێت، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی وەسفی-شیکاری لە نێوان دادوەر و فەرەیدوون دروست دەبێت. دادوەر سەربارەت بە فەرِەحناز خانم پرسیار دەکات و فەرەیدوونیش وەڵامی دەداتەوە:

- دادوەر: لەبارەی ئەو ژنە ئێرانییەی ناوی (فەرِەحناز خانم)..
- فەرەیدوون: بەڵێ.
- دادوەر: ڕاست وەڵام بدەوە؛ باپیرت، ئەفراسیاو بەگی جاف، لەسەر چی ئەو ژنە خزمەتکارەتانی دەرکرد؟
- فەرەیدوون: گوتم: باوکم بوو داوای لە باپیرم کرد بڕوا!
- دادوەر: بۆ؟

- فەرەیدوون: چونکە دزیمانی لێ کردبوو. (حەڵقەی زەواج)ی باوکمی دزیبوو. باپیرم دەیگوت لەناو پارچە مەخمەلێکی سوور لەناو سەماوەرێکی دایکمی شاردبۆوە. ئیتر ئەو حەڵقەی زەواجەش لای باوکم زۆر خۆشەویست بوو، بۆیە داوای لە باپیرم کردبوو دەری بکات. (فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ١٩٠-١٩١)

لەم دیالۆگەدا وەسف بوونی هەیە، کاتێک فەرەیدوون هۆکاری دەرکردنی فەرەحناز خانم بە دادوەر دەڵێت و وەسفی دزینی حەڵقەکە دەکات، کە دەڵێت: 'لەناو پارچە مەخمەلێکی سوور، لەناو سەماوەرێکی دایکم' ئەمە وەسفە، لە هەمانکاتدا بە خستنەڕووی هۆکاری دەرکردنی فەرەحناز خانم کە دزی کردن بوو، شیکردنەوە بۆ دۆخەکە دەدات، ئەمەش شیکارییە.

### ٣.٣,١ دیالۆگی ڕەمزی:

کاتێک کارەکتەران لە دەربڕینی ڕوون دووردەکەونەوە، هەوڵ دەدەن ئەو مەبەستەی هەیانە لێڵی بکەن، بە شێوەیەکی تر دەریببڕن، زۆرجار شتێک دەڵێن بەڵام مەبەستێکی تریان هەیە، یاخود وشەیەک یان دەستەواژەیەک دەکەنە ڕەمز و مەبەستەکەی خۆیان دەگەیەنن. لەم ڕۆمانەشدا تاکە دیالۆگی ڕەمزی، ئەم دیالۆگەی نێوان هاوڕێیانی ئەشکەوتە (ئیبراهیم، گەنجە بولگارییەکە، ئەو گەنجەی دزی لە مام سەید کردبوو، ئەسفەندیار و فەرەیدوون)، کاتێک سەبارەت بە ژیانی دەرەوەی ئەشکەوت و دڕندەیی مرۆڤ دەدوێن، لەم کاتەشدا کارەکتەرێک بە ڕەمز کۆژانی هەڵەبجەمان دێنێتەوە یاد:

- ئەو هەموو تانک و بۆمب و گازی کیمیاوی و ناپاڵم و ڕۆکێتانە، ئەو هەموو فڕۆکە جەنگییانە، کە لە ماوەی یەک دەقیقە، پێنج هەزار مرۆڤ بەجارێک لەناو دەبات.
- هیچ کەس ڕەحم بە کەس ناکا لەوێ! (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٢٨)

دەربڕینی 'پێنج هەزار' وەکو ڕەمزێکە بۆ هەڵەبجە، کاتێک لە (١٩٨٨/٣/١٦) هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیمیاباران کرا، پێنج هەزار کەسی بەیەکەوە شەهید کرد.

### ٣.٢ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:

جۆری دووەمی دیالۆگە، گێڕەڕەوە بە گێڕانەوەی هەڵدەستێ، واتە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی نێوان کارەکتەرەکان نییە، بەڵکو ڕۆماننووس یاخود کارەکتەری گێڕەڕەوە ڕۆڵی گێڕانەوەی دیالۆگ دەبینێت. ئەم جۆرە دیالۆگە بە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)دا هاتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی هەیەتی، هەوڵ دەدەین چەند دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکەدا پڕاکتیزە بکەین.

- لەهجەی تۆ، وەختێ دەئاخڤی، گەلەک خووەشە!

دەرفەتی نەدامێ وەڵامی بدەمەوە، تەماشای ناو باغی چاومی دەکرد:

- تۆ خەڵکی کوێی؟
- گوتم: هەولێر.
- گوتی: ئەهە..

ئینجا ئاماژەی بۆ نیوتەختە درێژەکە کرد کە پێشتر بۆ خۆی لەوێ دانیشتبوو و بۆ منی چۆڵ کردبوو:

- جێگەی من لێرە کەمێک تەنگە، ئەز دکارم بێمە جەم تۆ؟
- گوتم: بێگومان فەرموو. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٤١)

ئەمە دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆیە، چونکە دەگێڕدرێتەوە، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە گێڕانەوە لە دەست کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەیە، زۆرجار کە دیالۆگی نێوان خۆی و کارەکتەرکانی تر دەگێڕێتەوە، دەستەواژەی گوتم (جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک) بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش بە خەسلەتێکی دیالۆگی ڕاستەوخۆ دادەنرێت، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لەسەر زمانی کارەکتەری گێڕەڕەوە دەگێڕدرێتەوە.

دوای ئەوەی فەرەیدوون ئەشکەوت بەجێدەهێڵێت بۆ دۆزینەوەی قەبری باوکی، لە ڕێگەدا کە نازانێت لە کوێیە، پیکابێک پێی دەگات، نەخۆشێکیان پێیە و دەیانەوێت بیبەن بۆ خەستەخانەی جۆلەمێرگ، گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان فەرەیدوون و شۆفرێرەکەدا دروست دەبێت.

لە پەنجەرەوە جگەرەکەی فڕێدا:

- تووکیڤە دەچی؟
- بە شۆفێرەکەم گوت: گەلێک سوپاس کاکە، ئەدی ئێوە بەرەو کوێ؟
- شۆفێرەکە گوتی: جۆلەمێرگ.

ئینجا شۆفێرەکە بە چەناگە، هێمای بەرەو پشتەوەی پیکابەکە کرد.

- سواربە. (فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ٣٩)

ئەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیە، چونکە لەلایەن فەرەیدوون کە کارەکتەری سەرەکی و گێڕەڕەوەی ڕۆمانەکەیە دەگێڕدرێتەوە، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی ئەم جۆرەی دیالۆگەیە. ئەوەی جێی سەرەنجە لە ڕۆمانەکەدا، کۆمەڵێک کارەکتەرمان هەن کە خەڵکی کوردستانی باکورن و سەر بە زاری کرمانجی باکوورن، ئەوانیش: ڕەندان، شەهلا، ئیبۆ، ڕەجەب، خەجێ و مەندۆ-ن. لە دیالۆگی نێوان فەرەیدوون و ئەواندا، شێوازی ئاخاوتنیان دەردەکەوێت، کە سەر بە زاری باکوورن و بە شێوازی خۆیان قسە دەکەن. بەهۆی جیاوازی ناوچەکانیانەوە هەریەکەیان بە زارێکی جیاواز دەدوێن، لەهەمانکاتدا دیالۆگەکە لەکاتی ئێستادا ئەنجام نادرێت بەڵکو دەگێڕدرێتەوە، هەروەها لە ڕێگەی دیالۆگێکی تری ناڕاستەوخۆوە، بەهۆی زمانی دیالۆگەکەوە کەسایەتی کارەکتەرەکان بەرجەستە دەبێت:

ئینجا پۆستاڵ ڕەشێکی نووک سەوز، لە بەردەم دەرگاکەم، خوتورمە ئاسنینەکەی ڕاوەشاندە دەرگاکە، ئەمە بۆ ئەوەی بوو بترسم، یان ئاگادارم بکاتەوە شتێکم پێ بڵێ. بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- گوێ بدێ!.. ئێمە دەزانین تۆ ئاگات لە هیچ نیە و هیچ خەتایەکیشت نیە! باش!

هەمان دەنگ گوتی:

- ئەم گەلحۆیە، پێدەچوو لە ژیانیدا هەرگیز زیندانی نەدیبێ. لەناو زیندان تووشی "نەخۆشی دەروونی" هاتبوو! تەواو. وابزانە هیچ شتێک ڕووی نەداوە.. هەستە وەرە دەرەوە!.. هەستە دەی!

ئینجا گوتی:

- قەیناکە کەلەپچەکەشت کردۆتەوە، بەڵام چاوت بەستراو بێت و پشتاوپشت وەرە دەرەوە! باش؟

ئینجا دەنگێکی دیکە گوتی:

- دەتبەین بۆ حەمام، بۆگەن!

ئەمە یەکەمین جار بوو مۆڵەتیان دابوومێ بچم خۆم بشۆم، گوتم: باش.

ئاهێکم هەڵکێشا و لە دڵی خۆمدا گوتم "انا لله و انا الیە راجعون". ئینجا گوتم با ناوی خوای لێ بهێنم و جارێ بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ١٧٥-١٧٦)

ئەم دوو کارەکتەرەی کە لەگەڵ فەرەیدوون دیالۆگ دەکەن، بەهۆی پیشەکەیانەوە شێوازی دەربڕینی وشە و ڕستەکانیان گۆڕاوە، لەلایەکەوە چونکە پیشەکەیان پاسەوانی و بەرپرسی زیندانە، ڕۆژانە جۆرەها کەسی جیاواز دەبینین و قسەیان لەگەڵ دەکەن، لەلایەکی تریشەوە بە تێپەڕبوونی کات بەهۆی ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ زیندانیان شێوازی ئاخاوتنیشیان دەگۆڕێت و زبر، ڕەق و توند قسەیان لەگەڵ دەکەن و کۆیلە ئاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

لە دیالۆگێکی تری ناڕاستەوخۆدا گێڕەرەوە (فەرەیدوون) هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی، ئەم دیالۆگەی نێوان کارەکتەران بەرپرسی پارتی 'سەرۆ قادر' و 'باوکی فەرەیدوون' حاڵەتی دەروونی هەردووکیان دەردەکەوێت و ئەم دیالۆگە وەسفی حاڵەتی دەروونییان دەکات:

ڕۆژێک بیرمە لەسەر کتێبی (لقد مات الحزب) سەرۆ قادر و باوکم کەوتنە گفتوگۆیەکی ناخۆش، چونکە ناوبراو بە باوکمی گووت:

- ئەو کتێبەی تۆ کە بەناونیشانی (چ) بڵاوتکردۆتەوە، بەڕای من نەک هەر تیۆرێکی فەلسەفیی سیاسی نییە، بەڵکو ژەهرێکە دەرخواردی میللەتەکەمانی دەدەی.
- دەربارەی ئەو کتێبە تازەیەشت بەناونیشانی (اقد مات الحزب) کە پێشتر بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (وشە) و گۆڤاری (گوڵان)دا بڵاوتکردۆتەوە و ئێستا دەتەوێ بە کتێب چاپی بکەی، حەزدەکەم یەک شتت پێ بڵێم!

باوکم گوتی:

- فەرموو
- ئەم کتێبەت، کە لە ژێر پەردەی ناسوونالیزمەوە دەتەوێ بیری ئیسلامی و فەلسەفەی پڕوپووچی خوداپەرستی پێبڵاوبکەیتەوە، من لە ئێستاوە پێت دەڵێم: ئەگەر چاپی بکەیت، بە هەموو گەنجە پارتییەکان و ئەندامەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی خۆمانم گوتووە بەتایبەت لە (کەلار) و لە (قەڵادزێ) هەموو نوسخەکان لە بازاڕ بکڕن و بیانسووتێنن!

باوکیشم عادەتی وابوو، کاتێک کەسێک بەو شێوەیە ئیهانەی بکردایە، وەک دەڵێن ئیمانی لە کەللەی نەدەما، یەکسەر تەماشایەکی ئازا حەسیب قەرەداغی کرد و لە شوێنی خۆی هەستایەوە، زنجیری پانتۆڵەکەی کردەوە و کێری خۆی دەرهێنا ڕووەو سەرۆ قادر، پێی گوت:

- ده کەواتە با منیش لە ئێستاوە میزێک بە چرۆچاوە حیزەکەتدا بکەم!

تەماشایەکی کۆنەشیووعیە تازە پارتییەکەی کرد و دەستی منی گرت و چووینە دەرەوە. لە دەرەوە بە منی گوت:

- ئینجا با پیاوبێت کتێبی من لە قەڵادزێ و کەلار جارێکی تر بسوتێنێت. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٩٧-٩٨)

لەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیەدا حاڵەتی دەروونی هەردوو کارەکتەران (باوکی فەرەیدوون و سەرۆ قادر) دەردەکەوێت. هەردوو کارەکتەرەکە لە حاڵەتی تووڕەیی و هەڵچووندان، ئەمەش بەڕوونی لە دیالۆگی نێوانیان دەردەکەوێت.

گێڕەرەوە (فەرەیدوون) لە دیالۆگێکی دیکەی ناڕاستەوخۆدا باس لە ململانێی نێوان کاراکتەرەکان دەکات:

هێندەم زانی ڕەندان بەپەلە هات، هات لەسەر کورسیی سێیەم دانیشت. بۆنی ڤۆدگا لە دەمی دەهات. پێکەکەی هەڵگرت و ڕووی لە دەستەخوشکەکەی کرد:

- شەهلا.. تۆ ڕوخسەت دەدەیتە من.. من ژیانێکی تازە لەگەڵ فەرەیدوون بۆخۆم دەست پێ بکەم و بە هەرچی شتێک لە ژیانی ڕابردووی من هەیە بڵێم "بای.. بای"؟

ڕەندان کەمێک مەست دیاربوو، قەتم چاوە کەسکەکانی هێندە بەختەوەر و پڕ پێکەنین نەدیبوون. لە ژێرەوە دەستم لەسار ئەژنۆ خڕ و لووسەکانی دانا کە زۆرم حەز لێی بوو.

وەک ئەوەی ئیمان لە کەللەی نەمابێ، شەهلا گوتی:

- ئەوها؟!.. بای بای؟

ئینجا لە ڕەندان وردبۆوە: "سەرخۆشی تۆ، ڕەندان؟

ڕەندان دەستی هاوێشتە سەر ملی من:

- نەخێر! لە ئێستاوە..؟ سەرخۆش بم! (فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ٢٤٢-٢٤٣)

ئەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیە ئەرکێکی گرنگی دیالۆگی بەرجەستە کردووە، کە بریتییە لە خستنەڕووی ململانێی نێوان کارەکتەرەکان، وەک لەم دیالۆگەی نێوان (ڕەندان و شەهلا).

لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک دیالۆگی تری ناڕاستەوخۆ دەکەین، بەپێی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی ئەم جۆرە دیالۆگە لەخۆ دەگرێت. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا کاتێک فەرەیدوون بڕیاریدا ئەشکەوت بەجێ بهێڵێت، ئیبراهیم و ئەو کەسانەی لە ئەشکەوتەکە لەگەڵیدا بوون، کۆمەڵێک کەرەستە و بڕێک پارە و چەند پاسەپۆرتێکی پێ دەدەن بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئامانجەکەی بگات، دیالۆگێک لەنێوانیان دروست دەبێت کە گێڕەرەوە بەمشێوەیە دەیخاتەڕوو:

- ئەم پەرداخە زێڕینەی شەڕاب، ئی یەکێک لە پاشا ساسانیەکانە!

"یەڵماز دەیگوت ئەم پاشماوە دێرینانەی ئەشکەوت، لە دەرەوە پارەیەکی خەیاڵی دەکەن!"

- ئیبراهیم گوتی: هانێ، بیخە جانتاکەت؛ لە دەرەوە بۆ خۆت بیفرۆشە!

"ناسر شەیدا دەیگوت: بەرماڵە کۆنەکەی منیان بەسێ هەزار دۆلار لێکڕی، چونکە مۆری عوسمان کوڕی عەففانی لێدرابوو".

- دەشیگوت: نەمدەزانی ئەم ئەشکەوتەی ئێمە شتی هێندە بەهادار و سەمەرەی تێدایە!".

- ئەم مۆمدانە حەوتەوانەیەش، ئەمەش هەر زێڕە.

ئەویان زۆر قورس بوو!

ئەویشم لێ وەرگرت؛ لێی وردبوومەوە.

- ئەم خەنجەرە نیوگەزییە چوار قامک دەم پانەش!

ئیبراهیم ئینجا چوارەمین پارچەی زێڕینی لە هەگبەکەی خۆی دەرهێنا وپیشانی دام:

- لەگەڵ ئەم گوستیلەیەش، ئی ژنی کیوومەرس پاشایە.. تەماشای کە: سەری، بە دەنکێک "زومرود" چنراوە!

ئینجا هەموو ئەمانەی خستە جانتاکەم و بە پشتی خۆم دادا.

- دەبڕۆ.. خودا یارت بێ!

ئیبراهیم دووپاتی کردەوە:

- بەڵام ئاگاداربە؛ نابێ هیچ کەس هەستت پێ بکات کە لای ئێمەوە هاتووی: ئەگینا لەناوت دەبەن و بە حەیاتت چیتر ئێمە نابینیتەوە!.. ها!

تا لە جوێبارەکە پەڕیمەوە ئیبراهیم چاوی هەر لێم بوو:

- قسە و کارێکی ئاوها نەکەی بتناسنەوە!

لە ئەشکەوتەکە کەمێک دوور کەوتبوومەوە، لەسەر شانی ڕاستم ئاوڕێکم بۆ ئەشکەوتەکەمان دایەوە، ئیبراهیم هێشتا لەودیو جوێبارەکە ڕاوەستابوو، دەستێکی هەڵتەکاند:

- چاوەڕوانتین! لەبیرمان نەکەی...!

ملی ڕێگم گرت و لە دڵی خۆمدا گوتم:

"هەرگیز". (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣:٢٣ -٢٤)

وەک لە دیالۆگەکەدا ڕوونە، گێڕەرەوە ناوی ئەو کارەکتەرانە دەهێنێت کە پێکەوە گفتوگۆ دەکەن (ئیبراهیم، یەڵماز، ناسر) ئەمەش بە یەکێکە لە خەسلەتی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ دادەنرێت، وێڕای ئەمەش دیالۆگەکە تژییە لە وەسف کە ئەمەش ئەرکێکی گرنگی دیالۆگە.

هەروەها ئاماژەدان بە دەستەواژەکانی (گوتی و پرسی) یەکێکی ترە لە خەسڵەتی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ هەروەک لەم دیالۆگەدا هاتووە.

- ناوی من (ڕەندان)، ئەدی ناوی تۆ؟

تەمەنی دەوروبەری ٢٧ ساڵ، بە خۆشحاڵیەوە وەڵامی تەوقەکردنەکەیم دایەوە:

- فەرەیدوون.

لێمی پرسی: شۆلی تە چیە؟

تەماشایەکی دوو لاوەکەم کرد و بە ئەوم گوت:

- فەرمانبەرم لە UN ی هەولێر.

کەیفخۆش، گوتی:

- واو! ئەز ژی، مامۆستام لە (گەلیشمە)ی.

ئینجا گوتی :

- ئەو ژنەی لە پێشەوە دانیشتووە..

دەستی بۆ کوڕە ٩ ساڵەکە درێژکرد:

- دایکی ئەم!.. دەستەخوشکی منە.

لەسەرخۆ قسەی دەکرد، وایدەزانی لە ئاخاوتنە باکووریەکەی، باش حاڵی نابم:

- ئەم بەیانییە، هەرکە لە خەو بێداربۆتەوە مارمیلۆقی قووت داوە..!

من واقم وڕما، ڕەندان گوتی :

- دەبێ بیبەینە خەستەخانەی (چۆڵەمێرگ)ێ.

ئینجا گوتی:

- خەستەخانە لە گوندی ئێمە نیە.(فەرهاد پیرباڵ، ٢٠١٣: ٤٢ – ٤٣)

ئەم دیالۆگە دوای ئەوە ڕوودەدات کە فەرەیدوون و ڕەندان لە پشتەوەی پیکابەکەن، ڕەندان لە تەنیشت فەرەیدوون دادەنیشێت و خۆی پێ دەناسێنێت، وەک ئاشکرایە دەستەواژەکانی (گوتم و گوتی و لێمی پرسی) تییدا هاتووە، کە ئەمەش خەسلەتێکی دیالۆگی ناڕاستەوخۆیە، هەروەها لەم دیالۆگەدا وەسفکردنی کارەکتەرەکان هەیە، لەگەڵ خستەڕووی پیشەکەیان، کە ئەمەش ئەرکێکی گرنگی دیالۆگە لە ڕۆماندا.

هەر لە ڕێگا و پێکەوەبوونی فەرەیدوون و ڕەندان چەندین گفتوگۆی تری ناڕاستەوخۆ دروست دەبن، کە تێیدا خەسلەت و تایبەتمەندی ئەم جۆری دیالۆگە دەخەنەڕوو.

لەناکاو ڕەندان لێمی پرسی:

- توو بەدیع قازانجی ناس دەکەی؟

یەکسەر گوتم: نەخێر.

دەستی بۆ ئاوازەکە درێژکرد، کە ئیبۆی شۆفێر دەنگی زیاتر بەرز کردبۆووە:

- ئەمە دەنگی بەدیع قازانجییە ئەم لاوکە.

ئینجا گوتی: "من گەلەک حەز ژوی لاووکی دەکەم".

تەماشایەکی مەندۆم کرد. سەری بە پشتدا، ئەویش چووبووە خەو.

- "فەرەیدوون..!"

وای ساڵانێکی یەکجار زۆربوو ناوی خۆم لە دەمی کچێکەوە نەبیستبوو!

- بەلێ گیان.

چاوەکانی ڕەندانم تەنانەت لەسەر ئەژنۆی خۆشم دەدیت، گوتی:

- تۆ دەزانی..؟

لەو دەمە سەرنجی پشتە چاوەکانیم دەدا مکیاژێکی تەنک و ڕەنگینی وای کردبوو، هاوناز لەگەڵ ڕەنگی چاوی:

- مامۆستایەکی من هەبوو، ناوی ئەویش.. "فەرەیدوون" بوو.

یەکسەر پرسیم: بەڕاست؟

گوتی: بەری حەفت ساڵان.

پرسیم: لەکوێ؟

- دەرسی فەلسەفەی هونەری بە ئێمە دەگوتەوە.

بەپرتاو پرسیم: لە (وان)ێ؟

گوتی: نا، لە زانکۆی (ئارتوگڵوو) لە (مێردین)ێ.(فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٥٥ – ٥٧)

ئەمەش بە دیالۆگێکی تری ناڕاستەوخۆ دادەنرێت کە تێیدا دەستەواژەکانی (لێمی پرسی، پرسیم، گوتی) تێیدا هاتووە، کە ئەمەش دەرخەری دیالۆگی ناڕاستەوخۆیە، واتە نیشانەی ئەوەیە کە گێڕانەوەکە لە دەست کارەکتەرەکاندا نییە، گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان کارەکتەرکان نییە، بەڵکو گێڕەرەوە هەڵدەستێ بە گێڕانەوەی گفتوگۆیەکە.

هەروەها یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانە، وەک لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت.

پیکابەکە یەکسەر ستۆپێکی کرد، وەک لە خەونێک بێدار بووبێتمەوە، هەستامەوە.. تەماشام کرد: ئیبۆی شۆفێر هاتۆتە خوار و لەسەر ڕێگا، لەبەردەم پیکابەکە ڕاوەستاوە دەستم لێ ڕادەتەکێنێت و پێم دەڵێ: (وەرە!)

پێم سەیر بوو، ئەوە ئیبۆ بۆچی لەناکاو ڕایگرتووە و بانگم دەکات؟ چما چەندی مابو بگەینە چۆلەمێرگ؟

بەپەلە دابەزیم و چووم بۆ لای ئیبۆ. پیکابەکەی، لە بەردەم دوڕیانێک ڕاگرت: شاڕێگایەک بەرەو دەستە ڕاست، شاڕێگەی دووەمیش بەرەو دەستە چەپ دەچوو. ئیبۆ دەستی بۆ ئالی ڕاست درێژکرد:

- تۆ دەتوانی لەسەر ئەم شەقامە بە ئۆتۆستۆپ برۆی بۆ شاری (وان) چونکە ئێمە پەلەمانە، دەبێ (خەجێ) بگەهینینە خەستەخانەی چۆلەمێرگ!

کاتێ ئیبۆ دیتی من دوو دڵم. گوتی:

- تۆ بە منت گۆت کە دەچیتە (وان)ێ.

بێ بیرکردنەوە گوتم: بەلێ.

ئینجا خەریکبو پێی بلێم "من ل دیڤ بابێ خۆ دەگەڕێم بیدۆزمەو". بەڵام وام نەگوت، شڵەژاوانە پرسیم:

- ئێوە دەچنە چۆلەمێرگێ؟

ئیبۆ دەرکی پێکرد کەمێک پەشۆکابووم، گوتی: "بەلێ".(فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ٦٠ - ٦١)

ئەم دیالۆگە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان فەرەیدوون و ئیبۆی شۆفێر ئەنجام دەدرێت، فەرەیدوون یاخود گێڕەرەوە بەشێوەیەکی کورت و پوخت دەیگێڕێتەوە، هەروەها لەم دیالۆگەدا گۆڕانی ئاراستەی ڕووداوەکان دەخرێتەڕوو، وەک پێشتر باسمان کرد فەرەیدوون دەیویست

بچێت بۆ وان، ڕەندان و ئەوانیش دەبێت نەخۆشێک(خەجێ) ببەن بۆ خەستەخانەی جۆلەمێرگ، بەڵام کاتێک ئیبۆی شۆفێر دەگاتە دوڕیانی وان و جۆلەمێرگ، فەرەیدوون بڕیار دەدات لەگەڵیان بچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، لە ڕێگای ئەم دیالۆگەوە هەڵوێستی کارەکتەر و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان خراوەتەڕوو.

هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردووی نێوان کارەکتەرەکان، کورتی و پوختی و خۆ دوورگرتن لە درێژدادڕی خەسلەتێکیتری دیالۆگی ناڕاستەوخۆیە، هەروەک لەم دوو دیالۆگەدا هاتووە.

هەفتەک پێش تازیەکەی بابم، بەبیرمە، پێشنیارێکی بۆ کردم، هات بە منی گوت: "بابۆ گیان.."

گوتم: "ها، بابۆ؟"

گوتی: "مادام تۆش پشووی خوێندنتە و دەوامت نیە.."

گوتم: " ئێ؟!".

گوتی : " بیرۆکەیەک هاتووە بە خەیاڵمدا؛ زۆر پێت خۆش دەبێ ئەگەر باسی کەم!".

گوتم: "چیە؟"

بابۆ لە سەرەتادا لێمی پرسی:

- حەزت لەوە هەیە بچینە گوندێک و لە هەمبێزی سروشت بژین ماوەیەک.؟

بابۆ دەیزانی من زۆر حەزم لەناو شاخ و داخ و پێدەشتە سەوزەکانە، بەڵام من دەمویست زیاتر بۆمی ڕوون بکاتەوە، پرسیم: یەعنی چۆن؟

بابۆ دیسان لە من بۆوە پرسیار:

- حەزت لێیە فێری زمانی باڵندان ببیت؟ فێری زمانی ئاژەڵ و گیانەوەران؛ چۆن بتوانیت لێیان تێ بگەیت و قسەیان لەگەڵ بکەی؟

گوتم: واو..! لە کوێ؟

وەڵامی نەدامەوە، دیسان پرسی:

- حەزت لێیە فێری ئەسپسواری ببیت و بتوانیت چۆن ببیتە باشترین ئەسپسوار؟

دیسان گوتم: واو!

بە میهرەبانیەوە - بابۆ شێوازی وابوو: سەرنجمی ڕادەکێشا بۆ شتەکە ئینجا باسی ناوەڕۆکەکەی دەکرد، گوتی:

- قسەم لەگەڵ مام سۆڵۆمۆنی برا گەورەکە ئوم نوور کردووە، بۆ ماوەی هەفتەیەک لە گوندەکەی خۆیان نزیک چیای شەنگاڵ میوانداریمان بکەن... (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ١٣٩ ـ ١٤٠)

لە درێژەی گفتوگۆیەکەدا فەرەیدوون داوای لە باوکی دەکات ئەو حەفتەی لە گەشتەکەن بەجێی نەهێڵێت.

گوتم: باش بابۆ، بەڵام بە مەرجێک!

گوتی: چییە؟

گوتم: بەڵام تو لەوێ بەجێم نەهێڵیت، چونکە من خۆت دەزانی شەرمیان لێ دەکەم و بێ تاقەت دەبم بەتەنیا.

بابۆ گوتی: باش، بەڵام منیش یەک مەرجم هەیە.

گوتم: چیە؟

گوتی: له ماوەی ئەو حەفت ڕۆژە، تەنیا یەک ڕۆژ لەوێرا دەچمە ناو خەڵکی شەنگاڵ سمینارێکم لەسەر مەلەک تاوسی دایکی پیرۆزی ئێزدییەکان هەیە؛ شەو بۆ نوستن لە دهۆش دەمێنمەوە و بۆ سبەکەی دێمەوە لات.

گوتم: باش.


ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بوو؛ چیتر بابۆی من نەگەڕایەوە و نەمبینیەوە. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٣: ١٤٣-١٤٤)

لەم دوو دیالۆگەدا، ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە بەشێوەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ جووڵە و ڕووداوی ڕابردووی نێوان کارەکتەرەکان دەگوازێتەوە، بە مەبەستی پەرەدان و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان یاخود ڕوون کردنەوەی سیاقی هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، گرنگی ئەم جۆرە دیالۆگە لەوەدایە دەرفەت و پانتایەکی فراوان بۆ ڕۆماننووس دروست دەکات ڕووداوی هەڵبژاردە یاخود ئەو ڕووداوەی کە پەیوەندی بە سەرجەم ڕووداوەکانەوە هەیە، بەشێوەیەکی کورت و پوخت بگێڕێتەوە، خۆی دوور بگرێت لە درێژدادڕی کە ئەمەش بە خەسلەتێکی گرنگی ئەم جۆرە دیالۆگە دادەنرێت، هەروەک لە دیالۆگەکاندا هاتووە دیارنەمانی باوکی فەرەیدوون لە گفتوگۆیەکی نێوان فەرەیدوون و باوکیدا بە کورتی و پوختی دەخاتەڕوو، ئەم ڕووداوەش تەواوی ڕۆمانەکەی لەسەر بەندە.

لە ئەنجامی پڕاکتیزەکردنی جۆرەکانی دیالۆگ، بۆمان دەرکەوت کەوا دیالۆگی ناڕاستەوخۆ زۆرتر بەکارهێنراوە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی گێڕانەوە لە دەست کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەیە(فەرەیدوون). واتە ڕۆمانەکە تایبەتمەندی گێڕانەوەی تاک دەنگی لەخۆ گرتووە، ئەم تاک دەنگییە وایکردووە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ بەهۆی خەسلەت و تایبەتمەندیەکانی زیاتر لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بکرێت.

داتای گشتی دیالۆگ بەهەردوو جۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**داتای گشتی جۆرەکانی دیالۆگ**




هەروەک ڕوونە لەم داتایە، دیالۆگی ناڕاستەخۆ پانتایەکی زیاتری هەیە وەک لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ وایکردووە ڕەوتی گێڕانەوە خاو ببێتەوە، چوکە گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و دیالۆگەکانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە.

## بەشی چوارەم

### ئەنجام:

١. دیالۆگ لەناو ڕۆمانی قەبرێکی سێگۆشەدا، کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ دەبینێت وەک وەسفکردن، خستنەڕووی دەروونی کارەکتەر و ململانێی نێوانیان، هەروەها بەخشینی زانیاری.

٢. دیالۆگ یارمەتیدەربووە لە دەرخستنی زمانی جیاوازی کارەکتەرەکان، بەپێی جیاوازی زارەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و پلەو پۆست.

٣. گێڕانەوەی ڕۆمانەکە تاک دەنگییە، دیالۆگ نەبووەتە هۆکارێک بۆ هێنانەکایەی فرەدەنگی.

٤. دیالۆگ بە هەردوو جۆرەکەیەوە (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) لە ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە.

٥. ڕێژەی بەکارهێنانی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ ٧٣ دیالۆگە، ڕێژەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ ١٤ دیالۆگە، واتە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ زیاتر بەکارهاتووە.

٦. سەبارەت بە جۆرەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ، ئەم ڕۆمانە (٨) دیالۆگی ڕاستەوخۆی سادە، (٥) دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی-شیکاری و (١) دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزیی لەخۆ گرتبوو.

٧. دوو جۆر دیالۆگی ڕاستەوخۆی سادە لەم ڕۆمانەدا هەیە، جۆرێکیان تەنیا قسەکردنێکی ئاساییە و سود بە ڕەوتی گێڕانەوە و پێشخستنی ڕووداوەکان ناگەیەنێ، جۆرەکەیتریان سود بە ڕەوتی گێڕانەوە و پێشخستنی ڕووداوەکان دەگەیەنێت.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

### کتێب:


١. ئارام یوسف ئیبراهیم (٢٠١٢)، *بنەمایێن درامایێ د چل حیکایەتێن مەلا مەحموودێ بەزیدیدا*. دهۆک، چاپخانەی هاوار.

٢. پەری سالح موفتی (٢٠١٢)، *گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا*. هەولێر، چاپخانەی سەنگەر حاجی هاشم.

٣. حەمە مەنتک (٢٠٢١)، *گێڕانەوەناسی*. چاپی دووەم، هەولێر، ناوەندی تەفسیر.

٤. ڕێزان ڕەحمان خدر (٢٠١٢) *تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)دا*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٥. ڕێزان عوسمان (٢٠١٠)، *بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠)*. چاپی یەکەم، هەولێر.

٦. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی (٢٠٠٩)، *بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلیدا*. چاپی یەکەم، دهۆد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٧. عەبدولڕەحمان مونیف (٢٠٠٦)، *تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان*، و: شیرین. ک. چاپی یەکەم، هەولێر.

٨. فەرهاد پیربال (٢٠١٣)، *قەبرێکی سێگۆشە*. چاپی دووەم، تاران، ناوەندی کولتوور.

٩. گۆران سەباح (٢٠٢٤)، *چۆن ڕۆمان دەنووسرێ؟*. چاپی دووەم، تاران، ناوەندی کولتوور.

**نامەی ئەکادیمی:**


١٠.ئــارەزوو مــحەمەد عەلــی (٢٠٠٩)، *تەکنیــک لە ڕۆمانەکــانی (عەبــدوڵڵا ســەراج)دا*. ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین.

١١.پ. د. فاضل مجید محمود و م. ی. سارا صدقی حمەامین (٢٠٢١)، *تەکنیکی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە شیعری نوێی کوردیدا*. توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانی.

١٢.جەوهەر محەمەد مەولود شێخانی (٢٠١٣) بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی (حسێن عارف)دا. ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین.

١٣.دیمەن عبدالله سالح(٢٠٢٢)، *شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا*. ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سلێمانی.

١٤.د. ژوان عبدالسەلام عەزیز(٢٠٢٣)، *تەکنیکی دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی سەعید ناکامدا*. توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سەلاحەددین.

١٥.د. دیــار فــایق مەجیــد(٢٠١٧)، دیــالۆگ لە ڕۆمــانی(ئەڵوەن)ی ئەحــلام مەنســووردا. توێژینەوەی زانستی، زانکۆی گەرمیان.

١٦.سنور قادر فەرەج(٢٠١٢)، *تەکنیک لە کۆمەڵە* چیرۆکی*(گوڵی ڕەش)ی شێرزاد حەسەندا*. ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی.

١٧.سارا صدقی حمەامین(٢٠٢٠)، *هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا(١٩٢٠-١٩٥٨)*. دکتۆرانامە، کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سلێمانی.

١٨.ســەمیرە ئەحــمەد ئیبــراهیم (٢٠٠٧)، *هونەرەکــانی گێــڕانەوە لە ڕۆمانەکــانی (خوســرەو جاف)دا*. ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین.

**ئەلیکترۆنی:**


١٩. ڤەژیـــــــــــن لـــــــــــێکس، *فەرهەنگـــــــــــی کوردســـــــــــتانیکا*. ٢٠٢٤/٥/٢٨

https://lex.vejin.net/ck/search/?t=%D٩D%٧A%٨C%D٨%AF%DB%٨١DA%AF&f=%٨٦%DB%٨٤%


**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**کتێب:**


٢٠. فاتح عبدالسلام (١٩٩٩)، *الحوار الصصي: تقنياته السردية/دراسات أدبية*. الطبعة العربية الأول، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات و النشر.


**گۆڤار:**


٢١. م.م. بسام خلف سليمان (٢٠١٣)، *الحوار في رواية الإعصار والمئذنة لعماد الدين خليل -دراسة تحليلية-*. المجلد السابع – العدد الثالث عشر، ص:١٣.